# گرفتە کشتوکاڵیەکانی لیوای هەولێر لە سەردەمی پاشایەتی دا (1921-1958)

## توێژینەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی ئابووری

**ID No. 2391**

(PP 147 - 164)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.1.10

**مهدی محمد قادر فتاح بهرام خضر**

کۆلێژی ئەدەبیات-بەشی مێژوو-زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

fatah.khdir@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2018/07/29**

**پەسندکردن : 2018/11/19**

**بڵاوکردنەوە : 2018/02/15**

**پوختە**

بەدرێژایی سەردەمی حوکمی پاشایەتی لە عێراق(1921-1958) ، کشتوکاڵ پێگەی سەرەکی هەبووە لەژیانی ئابووری دانیشتوانی هەولێر، بەڵام ئەم لایەنەش چەندین گرفتی هەبووە ، بۆیە لەم توێژینەوەیە بەچەند تەوەرەیەک باس لە گرفتە کشتوکالییەکانی لیوای هەلێر دەکەین، کەهەندێکیان سروشتی بوون وەک دیاردەی وشکە ساڵی ، ئافاتەکانی کانی کلۆ ، نەخۆشییە کشتوکاڵییەکان، هەندێکیشیان مرۆیی بوون زیاتر پەیوەندیان بەسیاسەتی حکومەت هەبووە وەک دانانی نرخ ، خراپی ڕێگاکانی هاتوچۆ ، باج ، تەوەرەیەکی تری لێکۆڵینەوەکەمان تیشک دەخەینە سەرمولکداری زەوی و سیستەمی دەرەبەگی لە هەولێرو وکێشەکانی دەرەبەگەکان لەگەڵ جوتیاران و هاوکات هەلوێستی پارتە سیاسیەکانیش لەو بارەیەوە خراوەتە بەر باس ، سروشتی لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە پێویستی بە داتاو زانیاری هەیە ، بۆیە سوود لەچەندین سەرچاوەی زانستی جۆراوجۆ وەرگیراوە ، لەوانە ، ئامارە فەرمیەکانی وەزراەتە پەیوەندیدارەکان و کۆنووسەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ، بێگومان ئەنجامدانی توێژینەوەیەی بەم چەشنە بێ گرفت نابێت ، بەتایبەت لەبارەی کۆکردنەوەی داتا ئابووریەکان ، لەکۆتایدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو.

**پێشەکی :**

ئابووری بەیەک لە پایەگرنگەکانی ناساندنی هەر کۆمەلەگایەک دادەندرێت ، بۆ شارەزابوون و ئاشنابوون بە مێژووی هەر کۆمەلگایەک پێویستە بەرچاو ڕوونی تەواو لە بارودۆخی ئابووی هەبێت ، لەبەر ئەوەی ئابووری هەرلایەنێکی سەربەخۆ و ڕووت نییە بەلکو پەیوەندی و کاریگەری بەسەر سەرجەم لایەنەکانی تری ژیان هەیە ، لەهەر کۆمەلگایەک گرفتی ئابووری لەئارا دابوو ، ئەم کۆمەلگایە ئامادەیە بۆ گۆڕانکاری و سەرئەنجام ڕەنگدانەوە لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریش دروست دەکات ، دەبێت ئەوەش بزانین یەک لەهۆکارەکانی ڕوودانی زۆربەی ئەو شۆرش و ڕاپەڕینانەی کە لەمێژووی میللەتان ڕوویانداوە ، هۆکاری ئابووری بووە ، کەواتە لێکۆلینەوە لە بواری ئابووری گرنگی زۆری هەیە .

دەمێکە وتراوە هەولێر کۆنترین شارە کە ژیانی تێدا بەردەوامە ، بێگومان بەپیتی خاک و گونجاندنی ئاوهەواکەی و دەوڵەمەندی ژێرخانی ئابووری ، هەرچەندە ڕەوشی ئابووری لەم شارە هەلبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیووە ، بەلام هەرچۆنێک بێت دانیشتوانی ئەم ناوچەیە توانیویانە پێداویستییە خۆراکیەکانی خۆیان دابین بکەن .

لەسالی 1921 دەولەتی عێراق دامەزرا ، دوای یەک ساڵ واتا لەساڵی 1922 هەولێر بووە بە لیوا ، لەو ساڵەوە تا ساڵی 1958، زۆربەی دانیشتوانی لیوای هەولێر بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان پشتیان بە کشتوکاڵکردن چاندنی بەرهەمە کشتوکالیەکان بەستووە ، بەلام ئەم لایەنەش لەگرفت بەدەر نەبووە ، بەهۆی لە ئارادابوونی چەندان هۆکاری سروشتی و مرۆیی، زۆربەی دانیشتوانەکە نەیانتوانیوە وەک پێویست سود مەند بن و بەری ڕەنجی شانی خۆیان بخۆن ،کە لەم توێژینەوەیە ڕوونکراوەتەوە .

**گرنگی لێکۆلینەوەکە :**

لێکۆینەوە لە مێژووی ئابووری بەتایبەت گرفتە ئابووریەکان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بۆ شاری هەولێر لەلایەک دەتوانێ سوودی بۆ داهاتووی ئابووری شارەکە هەبێت و لەلایەکی تر توێژینەوە لەبارەی بارودۆخی ئابووری شاری هەولێر کەم و دەگمەنن،

تەنیا ئەوە نەبێت ئەوتوێژەرانەی کە لەبارەی مێژووی سیاسی یان رۆشنبیری شاری هەولێر نوسیویانە وەک دەروازەیەک بۆ چوونە ناو باسی سەرەکی بەشێوەیەکی خێرا سەرنجیان خستۆتە سەرباری بارودۆخی ئابووری .

**پلانی لێکۆڵینەوە :**

بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەکە چەند تەوەرێک لەخۆدەگرێت ، تەوەری یەکەم تایبەتە بە باسکردنی پوختەیەك لەبارەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان ، تەوەری دووە میش دابەش دەبێت بەسەر دوو باسی سەرەکی ، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی گرنگترین ئەو گرفتە سروشتیانەی کە لەو ماوە مێژوویە روویانداوە ، لەوانە دیاردەی وشکە ساڵی و بێ بارانی ، شالاوە بێ هەژمارەکانی کلۆ ، نەخۆشیە کشتوکاڵییە باوەکانی وەک سن و کیسەڵە و ژەنگی گەنم و جۆ . هەرچی سەبارەت بە باسی دووەم تایبەتە بە گیروگرفتە مرۆییەکان ، لەم تەوەرە تیشک خراوەتە سەرهەندێ دیاردەی مرۆیی کە لەئارادابوون لەوانە لەسە رووی هەموویانەوە مامەڵەی سەلەم ، سەلەم جۆرە رێکەوتنێک بووە لەنێوان بازرگان و جوتیاران ئەنجامدراوە ، هەروەها لەباسێکی تر تیشک خراوەتە سەر سیاسەتی حکومەت ، زۆرجار حکومەتی عێراقی بەپێی بارودۆخی سیاسی و پەیوەندیەکانی لەگەل بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردی مامەلەی بە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەتایبەت توتن کردووە .

تەوەری سێیەمی لێکۆڵینەوەکەمان بریتیە لە باسکردنی موڵکداری زەوی و سیستەمی دەرەبەگی لەکوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی ، لەسەرەتای ئەو تەوەرەیە باسمان لە ژمارەی دەرەبەگەکانی هەولێرو مامەلەی دەرەبەگەکان لەگەل جوتیاران و هەلوێستی پارتە سیاسیەکان لەبارەی رەوشی جوتیاران روونکردۆتەوە بەتایبەت لەبارەی راپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لەساڵی 1953.

**سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە :**

بۆ لێکۆڵینەوەکە سوود لەچەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆ وەرگیراوە ، لەوانە ئامارە فەرمییەکانی وەزراەتە پەیوەندیدارەکان وەک راپۆرتی وەزارەتی دارایی لەسالەکانی 1929و 1930و1930-1936 وە راپۆرتەکانی سالانەی وەزارەتی ئابووری بەتایبەت ساڵەکانی 1942 1952و1956 و کۆنووسەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەتایبەت ئەو کۆبوونەوانەی کە باسی بارودۆخی ئابووری لیوای هەولێریان کردووە ، لەگەل بەکارهێنانی چەند سەرچاوەیەکی زانستی وەک کتێبەکەی ( علی خليل احمد البياتی ) بەناونیشانی ( الاوضاع الاقتصادية فی العراق 1932-1939) کە ئەمەش نامەیەکی زانستی یە توێژەر بەشێوەیەکی زانستی شەن وکەوی بارودۆخی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی عێراقی کردووە ، لەپاڵ ئەم سەرچاوانەش سوود وەرگیراوە لە رۆژنامەوگۆڤارەکان ، بەتایبەت ئەوبڵاوکراوانەی لەشاری هەولێر لەچاپدراون ، وەک گۆڤاری روناکی ، گۆڤاری هەتاو ، رۆژنامەی هەولێر ، هەروەها بلاوکراوە نهێنیەکانی پارتە کوردیەکایەنیش ،تێکرای ئەو بلاوکراوانەش گرنگی خۆیان هەیە لەبەرئەوەی لەلایەک هاوچەرخی ڕووداوەکان بوون، لەلایەکی تریش هەندێ گرفت هەبوون مێژوونوسان یان توێژەران باسیان نەکردووە، رۆژنامەو گۆڤارەکان بەگرنگییەوە باسیان کردووە و چارەسەریان بۆ داناون .

**گرفتەکانی لێکۆڵینەوە :**

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان پەیوەندی بەلایەنی ئابووری هەیە ، سروشتی لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە پێویستی بە داتاو زانیاری هەیە، بێگومان دەستکەوتنی داتا ئابوورییەکان بەتایبەت ماوەی نێوان سالانی 1921-1958 لەنێو داتاکانیش لیوای هەولێر کارێکی ئاسان نیە ، لەبەرئەوەی زۆربەی ئامارەکان پەرت و بڵاون و لەشوێنێک ئەرشیف نەکراون ، هەروەها بۆ قولبوونەوە بەناو بارودۆخی ئابووری دانیشتوانی شاری هەولێر واپێویست بوو لەتەواوی رووپەری رۆژنامە هاوچەرخەکان وردبینەوە ئەمەش بێگومان کاتی زۆری پێویست بووە . لەکۆتایدا دەبێت ئەوە بوترێت کە ئەم هەوڵە بێ کەم و کورتی نیە ، بەئومێدین ئەرکی زانستی سەرشانمان جێ بەجێ کردبێت .

**یەکەم/ پوختەیەک لەبارەی بەرهەمە کشتوکالیەکانی شاری هەولێر** :

کشتوکاڵ پێگەی سەرەکی هەیە لە ژیانی ئابووری دانیشتوانی هەولێر لە گرنگترن بەرهەمە بژێویەکانی هەولێر کە زۆربەی دانیشتوانەکە بەچاندنی خەریک بوون پێکهاتوون لە :

**1 - بەرووبومە بژێویەکان :**

**أ- گەنم و جۆ :**

گەنم و جۆ لە گرنگترین ئەو بەرهەمە زستانیەکانە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان دادەچێندرێت( خصباک، 1973، ص 360) ، بەرهەمی گەنمی هەولێر لە رێزبەندی باشترین جۆری ئەو گەنمانە بووە کە حکومەتی عێراقی پشتی پێبەستووە بۆ دروستکردنی

ئارد لەپاڵ ئەوەش پێکهاتەی سەرەکی بووە بۆ دروستکردنی چەندین جۆر خواردن وەک ساوار، بڕوش ،گەنمەکوتا...تاد ، کە خۆراکی سەرەکی بوون بۆ دانیشتوانی شاری هەولێر بەتایبەت و عێراق بەگشتی( الدفتری ، د.ت، ص496).

سەبارەت بە بەرهەمی جۆ ، یەک جۆری بەشێوەیەکی فراوان چاندراوە ئەویش جۆی ڕەش بووە (الدفتری ، د.ت ، ص497)، جۆ جگە لەوەی پێکهاتەیەکی سەرەکی بووە بۆ ئالیکی ئاژەلان ، لەو ساڵانەی وشکە ساڵی بووە گەنم دەست نەکەوتووە خەلک سوودیان لە جۆ بینیووە وەک پێداویستی سەرەکی خۆراک کە کراوە بەئاردلەگەڵ گەنم تێکەڵ کراوە پێی دەوترا (مزاش) (کۆمەڵێک نوسەر، 1998، ل233) .

سەبارەت بە ڕێژەی بەرهەمی گەنم لە لیوای هەولێر کە لەداتاکانی حکومەتی عێراقی ، زۆرترین ڕێژەی بەرهەمی گەنم لەهەولێر بەدرێژایی سەردەمی حوکمی پاشایەتی، لەساڵی (1949-1950) تۆمارکراوە، کە( 19000) تەن[1] بووە، کۆی گشتی بەرهەمی گەنمی هەموو عێراق بۆ هەمان ساڵ (52000) تەن بووە ( الحکومە العراقیە ، وزارە الاقتصاد، 1952، ص143) بەو پێیە دەکاتە

( 36%) لەکۆی گشتی داهاتی گەنم لە ئاستی هەموو عێراق.

**ب- برنج :**

بەروبوومێکی هاوینەیە ، بەخۆراکی سەرەکی دانیشتوان دادەندرێت ، لەپاڵ ئەوەش سەرچاوەی بنەڕەتی داهات بووە بۆ ئەو خێزانانەی بەرهەمیان هێناوە (کۆمەلێک نوسەر، 1998، ل233) ، برنج پێویستی بە ئاوێکی زۆرو هەیە پلەی گەرمی بەرز هەیە کە لە سەرووی (34) پلەی سەدی( خصباک، 1973، ص360) ، برنجی عەمبەر یەک لە باشترین جۆرەکانی برنج بووە لەناوچە کوردیەکان بەشێوەیەکی گشتی بەرهەم هاتووە خواستی زۆری لەسەر هەبووە( عبدالرحمان ، 2002، ص150) لە ئاستی لیوای هەولێریش بەشێوەیەکی بەرفراوان چاندراوە، بەلام لە دەشتی هەولێر برنج زیاتر لەو ناوچانە چاندراوە کەسەرچاوەی ئاوی وەک کارێز یان جۆگەیان هەبووە( سنجاوی ، 2009 ل230 ) ئەوەی پێویست بێت بوترێت سەبارەت بەچاندنی برنج لە هەولێر ئەوەیە کە بڕشتی بەرهەمی برنج بە بەبەراورد لەگەل ڕووبەری داچێنراوە لەئاستێکی زۆر باش بووە، بۆ نمونە لەسالی 1950 لە ڕووبەری یەک دۆنم بڕی بەرهەمی زیاتربووە لە یەک تەن برنج، هەروەها بەدرێژایی سەردەمی حوکمی پاشایەتی زۆرترین ڕێژەی بەرهەمی برنج لە سالی 1957 تۆمارەکراوە ، هەولێر لە ڕێزبەندی چوارەم بووە لە ئاستی هەموو لیواکانی عێراق، لەدوای لیواکانی دیوانیە بەبڕی ( 40583)تەن و عمارە بە (18018) تەن و موسڵ( 8010) تەن ( جمهوریە العراق ،وزارە الاقتصاد ، 1958،ص128) .

**2- بەرهەمە نەختینەییەکان**

**أ- توتن**

یەکێک بووە لەو بەرهەمانەی کە بەشێوەیەکی بەرفراوان و چڕ لە شارە کوردیەکان بەتایبەت لیواکانی سلێمانی و هەولێر لە ناوچە شاخاوییەکان چاندراوە(التکمجی ، 2010، ص201) ، بەهۆی فێنکی و گونجاوی ئاوهەواکەی ، ئاستی هەناردەکردنی بەشێوەیەک بووە، لەدوای نەوت بە پلەی دووەم هاتووە (مەریوانی ، هەتاو "گۆڤار" ، ژ (3) ،1957، ل2)

لە لیوای هەولێر لە قەزاکانی کۆیە و رواندز بەرێژەیەکی بەرچاو توتن بەرهەم هاتووە ، بەشێوەیەک گەیشتۆتە نزیکەی(30%) بەرهەمی توتنی هەموو عێراق ( السامرائی، ، 1975، ص160). ،بەلام سەنتەری قەزای هەولێر بنکەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکە بووە. سەبارەت بە بڕی بەرهەمی توتن لە هەولێر بەبەراورد لەگەل لیواکانی تری عێراق ، داتا فەرمییەکانی حکومەتی عێراقی ، تەنیا بڕی بەرهەمی توتنی لیواکانی هەولێر و سلێمانیان تۆمار کردووە ، لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ڕەنگە لە پارێزگاکانی تر هاوشێوەی ئەم دوولیوایە بەفراوانی نەچێندراوە یان ڕێژەی بەرهەم بەو شێوەیە نەبووە کەشیاوی تۆمارکردنێت ، بۆیە هەولێرو سلێمانی سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی توتن بوون لە هەموو عێراق ، بۆ نمونە لە سالی 1949 تێکرای بەرهەمی توتن لە عێراق ( 5731905) کیلۆ بووە ، لەم ڕێژەیە سلێمانی ( 5514000) کیلۆ و هەولێر (2107905) کیلۆی بەرهەم هێنراوە کە دەکاتە (35%)کۆی گشتی توتن لەهەموو عێراق، هەروەها لەسالی 1954 بەرهەمی

[1] 1 تەن = 1000 کیلۆطرام

توتنی هەموو عێراق ( 13227925) كیلۆ بووە ، لەم برە هەولێر ( 5282246) كیلۆ بەرهەمی هەبووە( الحكومە العراقیە ، وزارە الاقتصاد، 1952، ص194 ؛ الحكومە العراقیە ، وزارە الاقتصاد، 1959، ص96) كە دەكاتە (39%) لە تێكرای بەرهەرمی توتنی هەموو عێراق ، بە پشت بەستن بەو داتایانە دەگەینە ئەو راستیەی كە توتن لە پێشەنگی بەرهەمە كشتوكالیەكانی لیوای هەولێربووە بە درێژایی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق .

**ب- لۆكە :**

یەكێک لە بەرهەمە هاوینیەكانە لەدوای برنج پلەی دووەمی وەرگرتووە ، لەكۆتاییەكانی سەردەمی دەولەتی عوسمانی رێژەكەی بەچەشنێک دەچێندرا تەنیا بۆ پڕكردنەوەی پێداویستی ناوخۆ بووە ، بەڵام لەسەردەمی ئیدارەی بەریتانی لە عێراق ، گرنگیەكی زۆر زیاتر بەو بەرهەمە نەختینەییە دراوە ، لەسالی 1919 كۆمپانیایەكی تایبەتیان بەناوی ( كۆمپانیای بەریتانی بۆ پەرەپێدانی لۆكە ) دامەزراوە ، زۆرترین بەرهەمی لۆكە لەسەردەمی پاشایەتی لەساڵی 1951 تۆماركراوە ، لیوای هەولێر لەم ساڵە لە رێزبەندی شەشەم هاتووە لەسەر ئاستی هەموو لیواكانی عێراق لەبەرهەم هێنانی لۆكە لە دوای بەغدا بە (688،572) تەن و كوت بە (413،077) تەن و دیالا بە ( 276،350) تەن حیللە بە ( 191،380) تەن و سلێمانی بە(123،046) تەن دێت ، كە دەكاتە( 4% ) لۆكەی هەموو عێراق (الحكومە العراقیە ، وزارە الاقتصاد، 1952، ص147) ،جێگای باسە لەم ساڵە نرخی بەهەمی لۆكە بەشێوەیەكی چاوەروانەكراو لە بازارە جیهانیەكان بەرزبۆتەوە بە رێژەی( 16،3% ) بەهۆی سەرهەلدانی (شەری كۆریا)  خواست لەسەر بەرهەمی لۆكە زیادی كردووە ، ئەمەش هانی جوتیارانی داوە كە بەشێوەیەكی فراونتر زەویەكانیان بۆ چاندنی ئەو بەرهەمە نەختینەیە تەرخان بكەن ( معروف، 1977،ص385)

**3- بەهەمە پاقلە مەنییەكان :**

لە شاری هەولێر باخێكی زۆرباش بە چاندن و بەرهەمهێنانی بەروبوومە پاقلەمەنییەكان دراوە بەتایبەت بەرهەمەكانی نیسك و نۆک و ماش ،بۆنمونە لەساڵی 1958 تەنیا لە سەنتەری قەزا ، رووبەری  (1179) دۆنم بۆ نیسک و (458) دۆنم بۆ نۆک  و (15) دۆنم بۆ ماش و ( 6) دۆنم لۆبیا تەرخانكراوە ، وە بری بەرهەمی  ( 129) تەن نیسک و ( 64) تەن نۆک ، و (4) تەن ماش و لۆبیا بەرهەم هاتووە  ، (الجمهوریە العراقیە ، وزارە التخطیط ،  1961 ، ص64) ، لەورێگەیەوە توانراوە پێداویستی ناوخۆ بۆ ئەم بەرهەمانە پڕبكرێتەوە.

**دووەم / هۆكارەكانی كاریانكردۆتە سەر بەرهەمە كشتوكاڵییتەكان :**

**أ-گرفتە كشتوكالیەكان** :

لەسەردەمی حوكمی پاشایەتی ، دانیشتوانی كوردستان بۆدابینكردی بژێوی ژیانیان پشتیان بە كشتوكاڵكردن بەستووە، بەڵام لەگەل ئەوەش ئەم لایەنە گرنگە دووچاری كۆمەلێک گرفت بووە ، هەندێ لەو ئاریشانە فاكتەری سروشتی رۆلی سەرەكی تێدابینیوە ، هەندێكیشیان  پەیوەندی بە سیاسەتی حكومەتەوە هەبووە. تێكرای هەموو ئەو هۆكارانە كاریگەری راستەوخۆیان كردۆتە سەر برو جۆری بەرهەم و بژێوی ژیانی جوتیاران .

**1-گرفتە سروشتیەكان:**

یەک لەو ئاریشانەی كە كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی ئابووری دانیشتوان بەگشتی و جوتیاران بەتایبەت دروستكردووە بوونی دیاردەی وشكە ساڵی و كەمی رێژەی باران بارینە یان بەشێوەیەكی تر بلێین پشت بەستن بە ئاوی باران لە كرداری بەرهەم هێناندا، بەتایبەت لەبەرهەمی
( گەنم و جۆ ) كە دوو بەرهەمی زستانەبوون  زۆربەی جوتیارانی باشوری كوردستان گرنگیان بەچاندنی ئەم دوو جۆرە دانەوێلەیە داوە( البیاتی، 1990،ص158) . لەماوەی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق ساڵەكانی  ( 1925 و 1932و 1933و 1934و 1942 ، 1948) باران بە پێی پێویست لە ناوچە كشتوكالیەكانی كوردستانی عێراق نەباریوەو وشكە ساڵی رووی‌كردۆتە  ناوچەكە ، هەندێ لێكەوتەكانی ئەم ئافاتە سروشتیە بەشێوەیەک بووە كە هەندێ ساڵ گەنمی جوتیاران بەكەلكی خۆراک نەهاتووە كراوە بەئالیک بۆ ئاژەڵ( محمود، 2013،ل161 ؛ كاكە ، 2012، ل14) ، ئەمەش وایكردووە جوتیاران زەرەرمەندی یەكەم بن  وە لەهەندێ ساڵیش

بەهۆی کەمی دانەویڵە لە بازارەکان بەرزبوونەوەی نرخی دانەوێڵەی بەدوای خـۆی هێنـاوە (ڕۆژنـامەی ژیـن، 1942،ل2) بەتـایبەت لەساڵی 1942 ، بەهۆی بەردەوام بوونی جەنگی دووەمی جیهانی و کاریگەریە ئابوورییەکانی ئەم جەنگە لەسەر باشوری کوردستان بەشـێوەیەک بـووە جـگە لە بەرزبـوونەوەی نرخـی شـەکر و چـا کە لەدەروە هـاوردە کـراون، نرخـی دانەوێـلەش بەتـایبەت گەنـم بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو بەرزبۆتەوە، خەلک بەتەواوی هەراسان بـووە( خضرـ ، 2012،ل92) ، بەهـۆی کـاریگەری و مەتـرسی گـرفتەکە لەسـەر بـاروگوزەرانی هاوڵاتیـان ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق یەکێـک لە دانیشـتنەکانی تـایبەت دەکـات بەو کێشـەیە ، نوێنەری شاری هەولێر عیـزەدین مەلا ئەفەنـدی( 1917-1999) لە دانیشـتەکەدا داوای لەبەرپرسـان کـردووە کە پێویسـتە حکـومەت قەرەبووی جوتیاران بکاتەوە( محاضر مجلـس النـواب، 1942،ص22) . لە لایەکـی تـریش وشـکە سـاڵی لـە ڕووی کومـە لایـە تـیش کاریگەری دەروونیشی لەسەر دانیشتوان بەگشتی و جوتیاران بەتایبەت دروستکردووە هەرئەمەش وایکـردووە لەو سـاڵانەی بـاران لە کاتی دیاریکراو دواکەوتووە یان نەباریوە خەڵک نوێژە بارانە ئەنجام بدەن بە مەبەستی نزاو پارانەوە لە خوا بۆئەوەی بارانیان بـۆ ببارێنێت ، بەپێچەوانەوەش لەوساڵانەی بەرێژەیەکی زۆر باران باریوە ئەمەش بە شێوەیەک خەلکی دلخۆش کردووە بـۆتە جێگـای باس و سەرنجی نووسەران و ئەو دلخۆشیەیان لە ڕۆژنامەکان دەربریوە(ژیان" ڕۆژنامە" ، 1936 ل3).

بێگومـان دیـاردەی وشـکە سـاڵی تەنیـا تـایبەت نەبـووە بەنـاوچەیەک یـان سـنووری جوگرافیـای شـارێک بەڵکـو کوردسـتانی گرتۆتەوە، حکومەتی عێراقیش لەلای خۆیەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گـرفتە پـلانی دروسـتکردنی پـرۆژەی ئـاودێری هەبـووە بـۆ ئەوەی ئاو بگەیەنێـتە ئەو زەویە کشـتوکاڵیانەی کە پشـت بە ئـاوی بـاران دەبەسـتن ، هەرچـی سـەبارەت بە هەولێـرە حکـومەت لەدەشـتی هەولێـر لەبەرنـامەدابووە پرۆژەیەکـی ئـاودێری گەورە دروسـت بکرێـت لە نێـوان زێـی گەورەو زێـی بچـوک ، واتـا هەڵکەندنی پرۆژەیەکی ئاودێری کە ئاو لەزێی گەورەوە وەربگرێت بەدەشتی هەولێـر تێپەرێـت و و لە زێـی بچـوک بکـاتەوە لەو بارەیەوە گۆڤاری ڕووناکی نوسیویەتی "هەروەکو لە هەندی جێگایانمان زانیوە لە زێ وە ئاو بۆ قەرەچوغ و ئەو خاکە پر پەین و حاێلات و خیرە ، ئاودیرکردنی لەدەست دایە ، جوگەیەکی گەورە لە زێ وە هەلدەگیرێ و دەبردرێتە دەشتی قەرەچوغ[2] ئەو خـاکە هەموو دەکریتە ئاو، گەر وا بکا دەشتی هەولیرو خوارەوەشی بە ئاوی هەردوو زێ ئاوەدان دەکرێتەوە..."(رووناکی" گۆڤار" ،ژ(8)، 1936، ل16) .ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم پرۆژەیە تەنیا بەرنامەبووەو نەچۆتە بواری جێبەجێکردن بە بەڵـگەی ئەوەی لە ئـازاری 1953 لەسەردانێکی محەمەد علی محمودی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ شاری هەولێر ، دوای ئەوەی شـارەوانی شـارەکە بەبۆنەی تەشریف هێنانی بە ئامادبوونی موتەسریف و زۆرێک لە پیاوماقولانی شار ئـاهەنگێکی بەخێـر هـاتنی بـۆ سـاز دەکەن ، دوای تەواو بوونی ئاهەنگەکە کۆمەلێک پرسیار و پرس لەلایەن خەلکەوە ورژێندراوە، یەکێک لە ئامادەبووان پرسـیاری هۆکـاری جێبەجێ نەکردنی ئەو پرۆژەیە دەکات کە حکومەت بۆچـی ئـاوی لە زێـی گەورە نەگەیانـدە دەشـتی هەولێـر، ئەویـش لە ولامـدا دەلێت " حکومەت ئێستا دوو پرۆژەی ستراتیژی گرنگی لەبەر دەستە یەکیان پرۆژەی ئەرثار( سە رسار) ئەویـتر پـرۆژەی دۆکـانە"( هەولێر "ڕۆژنامە"،ژ(133) 1953،ل1).

لە گرفتە سروشتیەکانی تر ، بوونی نەخۆشیە کشتوکاڵییەکان و زۆری ژمارەی مشک و شالاوی بێ هەژمـاری کللـۆ ( کـولە )یە بـۆ سـەر زەویە کشـتوکالییەکان، کە ئەمەش کـاریگەری خراپـی هەبـووە لەسـەر تێکچـونی بەرهەمە کشـتوکاڵییەکان و کەمبـوونەوەی بڕشتیان، سەرئەنجام ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر بژێوی ژیانی جوتیاران دروستکردووە، بەدرێژایـی سـەردەمی پاشایەتی لەعێـراق چەندین سـاڵ زەویە کشـتوکالییەکانی هەولێـر ڕووبەڕووی شـالاوی کللـۆ بـونەتەوە کە لەم خشـتەیەی خـوارەوە ڕوونکـراوەتەوە:( الحکومة العراقیة، وزارة مالیة ،1938،ص95 ؛ الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد ، 1955،ص83):

**مەترسیەکانی شاڵاوی کللۆ بۆ سەر زەویە کشتوکالیەکانی هەولێر**

| ساڵ | 1929 - 1930 | 1930 - 1931 | 1931-1932 | 1932-1933 | 1952-1953 |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەری زەوی توشبوو | 12000 | 3100 | 21000 | 2100 | 7412 |

[2] قەرەچوغ چیایە نەک دەشت وەلەبەرئەوەی دەشتێکمان نیە بەم ناوە، دیارە مەبەست دەشتەکانی قەراج و کەندیناوەیە ، چیای قەرچوغ لێکیان جیادەکاتەوە ، بروانە عەبدوڵا غەفور ،جوگرافیای کوردستان، چ4، هەولێر،2005 ، ل42.

جێی باسە کە مەترسییەکانی کللۆ تەنیا لەسەر خاکی کوردستانی عێراق نەبووە بەڵکو گرفتێکی نێو دەوڵەتی بووە ساڵانە لەلایەن ولاتانی دراوسێ بە ئامادەبوونی نوێنەری عێراق کۆبوونەوەو کۆنفرانسی زانستی بۆ رووبەرووبونەوەی ئەم زیندەوەرە مەترسیدارە ئەنجام دراوە(ژیان" رۆژنامە" ژ(427)،1935،ل2).

بە پێی ئامارەکانی حکومەتی عێراقی تا کۆتایی ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم هیچ هەوڵێکی کرداری ئەنجام نەدراوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەم زیندەوەرە زیانبەخشە یان پرژاندنی زەویە کشتوکالییەکان بە دەرمانی قەلاچۆکردنی کللۆ ، بەڵکو زۆرجار جوتیاران خۆیان لەسەر کیلگە کشتوکالیە کان چەند کردارێکی سەرەتاییان ئەنجامداوە وەک کردنەوەی ئاگر ، یان دروستکردنی دەنگە دەنگ و تەقە تەق بۆ دوورخستنەوەی کللۆ لەسەر کێلگەکانیان بەڵام ئەوەش چارەسەر نەبووە ،لەبەرئەوەی کلۆکان تەنیا لەسەر زەویەک هەلفریەو لەسەر سەر زەوێکی تر نیشتۆتەوە(لیون ، 2001، ص275).

حکومەتی عێراق بۆیەکەم جار لە ساڵانی 1937-1938 دەرمانی قڕکردنی ببەکارهێناوە بەلام ئەویش زەویە کشتوکالییەکانی هەولێری نەگرتۆتەوە ، بەڵکوچەند لیوایەکی تری گرتوتەوە وەک لە زەویەکانی کەرکوک بە ڕووبەری تەنیا ( 50) دۆنم ، موسڵ بەڕووبەری (6322) دۆنم دەرمانرێژکراوە، بەلام ئەم هەولەش زیانی زۆرتر بووە لە قازانج لەبەرئەوەی بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی دەرمانەکانی قەلاچۆکردن نزیکەی (5240) ئاژەل بەهۆی ژەهراوی بوون بوونەتە قوربانی(البیاتی ،1990،ص169) .سەبارەت بە لیوای هەولێریش بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی ئابووری ، بۆ یەکەم جار لەساڵی 1939 ڕووبەری ( 26405) دۆنم دەرمانی قەلاچۆکردنی کللۆ بەکارهاتووە(الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد ،1942،ص95) .

لەبارەی هەولەکانی حکومەت بۆ لەناوبردن یان کەمکردنەوەی زیانەکانی مشک ، لە داتاکانی حکومەتی عێراقی هیچ ئاماژەیەک تۆمارنەکراوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەم قرتێنەرە زیانی زۆری گەیاندووە بە بەرهەمی گەنم و جۆ ، بۆیە کردارەکانی لەناوبردنی مشک لە زەویە کشتوکاڵییەکانی سەربە لیوای هەولێر زیاتر لەهەولەکانی تاکەکەسی بچووک بۆتەوە ، لەبەرئەوەی ئەوکات دەرمانی قەلاچۆکردنی مشک نەبووە بۆیە خاوەن موڵکەکان یان دەرەبەگەکان دەبوو خۆیان لە غەمی خزمەتکردنی زەویەکانیان بن ، بەتایبەت ئەوانەی هەستیان بکردبوایە لە زەویەکیان مشکی زۆرە ، بۆیە لە وەرزی بەهار خەڵکیان بەکرێ گرتووە بۆ لەناوبردنی مشک، ئەوەی جێی سەرنجە کرێی مشک کوشتن بە ڕۆژانە نەبووە بەڵکو بەپێی ژمارەی مشکە تۆپیەکان بووە، واتا جوتیار چەند مشکی زیاتر بکوشتبایە پارەکەی باشتر بووە(رەشاش ، 2011، ل 140) .

لە ئافاتە کشتوکاڵییە باوەکانی تر بریتی یە لە نەخۆشیە کشتوکاڵییەکان، بەتایبەت نەخۆشییەکانی سن و کیسەلە( کاکە ،2012،ل13) و کوورکی گەنم و ژەنگی گەنم وجۆ ، کوورکی گەنم، لەرێگەی زیندەوەرێکەوە پەیدابووە ، لە پلەیەکی گەرمی دیاریکراو گەشەی کردووە، بەتایبەت لەو ساڵانەی زستانەکەی زۆر ساردو بەفراوی نەبووە ، ئەمە دەرفەتی بۆ نەخۆشیەکە رەخساندووە تا زۆرتر بلاوببێتەوە مەترسیەکانی زیاتر ببێت ، ئەم نەخۆشییە لە هەولێر زۆر بلاو بووەوە ساڵانە بڕێکی زۆر بەرهەمی گەنمی تووشی زیانکردووە ، بەپێی ئەوەی رۆژنامەی هەولێر[3] لە ژمارەیەک ئاماژە بەمەترسیەکانی ئەم ئافاتە سروشتیە دەکات و نووسیویەتی "سالانە بە هەزاران تەن گەنم توشی ئەو نەخۆشیە دەبن ... وە زیانەکانی تەنیا بۆ ئەو گەنمانە نیە کە توشی نەخۆشیەکە بوون، بەلکو ئەو دنکانەی توشی نخۆشیەکەش نەبوون ، رەنگیان ناشیرن دەبێت و ناتواندرێت بکرێت بە نان (توفیق ، هەولێر "رۆژنامە" ،ژ(108)،1953،ل1)

هاوکات نەخۆشی (ژەنگ )جۆرێکی تری پەتا بووە کاریگەری لەسەر گەنم وجۆ هەبووە ، ئەوەیان لە شێوەی کەڕوو بووە، ، ئەم نەخۆشیە بەزۆری لەو سالانە بلاوبۆتەوە کە کەش و هەوای وەرزی هاوین فێنک وباراناوی بووە، بۆیە رێنمایی جوتیاران کراوە ، دانەوێلەکانیان لە کاتێکی زوو تۆبکەن بۆ ئەوەی لە وەزری بەهار بەتەواوی گەشەبکات و لەسەرەتای وەرزی هاوین وشک ببێت ، بۆئەوەی ئەگەر ساڵەکەی وابوو نەخۆشییەکە بلاویش بووەوە نەتوانێت کارێکی زۆری لێبکات (توفیق ، هەولێر"رۆژنامە" ،ژ(119)،1953،ل1)

[3] رۆژنامەیەکی وێژەی و رۆشنبیری هەفتانە بووە، بە زمانەکانی عەرەبی – کوردی ،لە لایەن کۆمەلەی مامۆستایانی هەولێر دەرچووە ، یەکەم ژمارەی لە 16ی کانونی یەکەمی 1950 لە چاپدراوە، جەمیل رەشید ئامیدی بەڕێوەبەر وبەرپرسی رۆژنامەکە و هەریەکە لە عەبدولمەجید حەسەن سەرپەرشتی بەشی عەرەبی و عیزەدین فەیزی سەرپەرشتیاری بەشی کوردی بووە ، رۆژنامەکە تا ساڵی 1953 بەردەوام بوو بە درێژایی تەمەنی (140) ژمارەی لێدەرچووە ، بڕوانە عزالدین فەیزی ، یەکێتی نوسەران و دووکۆڕ ، هەولێر ، 1981، ل31 ؛ محمود زامدار ، رۆژنامەی هەولێر 1950-1953 ، هەولێر ، 1998، ل10.

**2- گرفتە مرۆییەکان :**

لەپاڵ ئافاتە سروشتییەکان هەندێ دیاردەی تر لە ئارادابوون کە پەیوەندییان بە سیاسەتی حکومەت هەبووە وکاریگەری خراپی کردۆتە سەر بژێوی ژیانی جوتیاران، وای کردووە کە جوتیار نەتوانن لە بەری رەنجی شانی خۆیان سوود مەندبن یان بەشێوەیەک بتوانن پێداویستییەکانی خۆیان دابینبکەن ، بێگۆمان ئەمەش ئاسایی نەبووە، لەوانە بوونی قەرزی( سەلەم )ە کە ئەم دیاردەیە لەدوای دامەزراندنی شانشینی عێراق هاتە کایەوە بەهۆی نەبوونی بانکی کشتوکاڵی (رووناکی "گۆڤار" ،ژ(2) ،1935،ل14 ؛ رووناکی "گۆڤار" ،ژ(3) ،1935،ل3)، سەلەم جۆرە مامەلەیەک بووە لەنێوان جوتیاران و دوکاندارو بازرگانی شارەکان ئەنجامدراوە، هەندێ لە بازرگانی شارەکان زیاتر لەوەرزی زستان ڕوویان کردۆتە گوندەکان و ئاوەدانەیەکانی ناوچە شاخاویە دوورەشارەکان وکەلوپەلی بازرگانی وەک وەک کوتاڵ و جلوبەرگ و پێداویستی تری وەک شەکرو چایان پێفرۆشتوون بەقەرزی کڕینی بەرهەمی ساڵی داهاتووی جوتیاران، لەبەرئەوەی جوتیاران لەتوانایاندا نەبووە بەشێوەی راستەوخۆ و بە پارە کاڵاکان بکڕن بەناچاری بەقەرزی سەلەم پێداویستیەکانی خۆیانیان دابینکردووە(مامۆ، 2009،ل15) بێگومان ئەو مامەڵەیە لەبەرژەوەندی جوتیار نەبووە لەبەرئەوەی وەرزێر لە دوو ڕوو زەرەرمەند بووە لەلایەک بازرگانەکان لەبەرئەوەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ پارەکەی وەرنەگرتووە کەلوپەلەکەی بەقەرز فرۆشتووە بەنرخێکی زیاتر لە نرخی بازار قرساندووە، لەلایەکی تریش زۆرجار بەرهەمی جوتیارەکانیان بە نرخێکی زۆر کەمتر لە بەهای ئاسایی خۆی داناوە ، هاوکات هەر لەگەل مامەلەکە ئەوەش یەکلا دەکرایەوە کە ئەگەر جوتیار ئەوەندە بەرهەم نەهاتبایە دەست تا لەبڕی قەرزی سەلەمەکە بیداتەوە ، قەرزەکەی بۆ ساڵی دواتر دەمایەوە بەڵام لەبەرامبەر ئەوە زیادەی خراوەتە سەر(ناکام ، رووناکی "گۆڤار" ، ژ (3) ،1935،ل3). گۆڤاری رووناکی لەژمارەیەکدا لەوبارەیەوە نووسیویەتی "... چند کەسیکی محدود لە دائیرەیەک محدودا ، دەست بەسەر حاێلاتی هەموو رەوەندو فەلاحەکاندا گرتووە رزگاربوون نیە زستان کە وەختی بێ ایشیـ و بێ کاریە ئەو اشخاێانە دەکەونە نێو اهالیەوە بەکەل و پەلو کوتال و پارە هی توتن و ئەوەی بۆ ڕون و ئەوەی بۆ مازووکەتیرەو ئەوەی بۆ خوری و هەنگوین و کاوڕو پەنیرو سیچکەو بەناوی (سەلەم) بەدوو قیمەت مال و کوتالیان پێدەدەن بۆ نەخشەی ئەوەی بیانەوێت وە ئەویشیان پێ سلم دەکەن بە نیوە قیمەت..."( رووناکی "گۆڤار" ژ (2) ،1935،ل3)،دەتوانین بڵێین ئەوانەی بەکاروباری کڕین و فرۆشتنی کاڵاو بەرهەمەکانیان بە قەرزی (سەلەم) خەریک بوون خەڵکی ئاسایی نەبوون یان فەرمانبەری حکومەت بوون یان چەند کەسێکی دوکاندارو بازرگانی دیاریکراو بوون لەپەنای چەند کەسێکی دەستەلاتدار ئەوکارەیان ئەنجامداوە.

حکومەتی عێراقی بەمەبەستی باشکردنی بژێوی ژیانی جوتیاران بەشێوەیەکی گشتی چەند هەنگاوێکی گرنگی ئەنجامداوە ، لەوانە دامەزراندنی بانکی زراعی و پیشەسازی، بەمەبەستی پێدانی پێشینەی کشتوکالی بە جوتیاران، سەرەتای ئەم بیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1931 ، دواتر بۆ هەمان مەبەست چەند یاسایەکی تریش دەرچووە، وەک یاسای ژمارە (51) سالی 1935 و یاسای دامەزراندنی بانکی کشتوکالی و پیشەسازی سالی 1936، کە هەریەک لەو یاسایانە کۆمەلێک بەندی لەخۆ گرتووە ، بەلام لە ساڵی 1940 لەسەردەمی حکومەتەکەی حە مدی پاچەچی (3 حوزەیرانی 1944-28 ئابی 1944 ) بۆیەکەم جار بەشێوەیەکی کرداری بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی دامەزرا کە لقی سەرەکی لەشاری بەغدا بوو. ( خیاط،1970 ، ص209) ئەم بانکەبە کۆمەلێک مەرج پێشینەیەکی کشتوکاڵی بە جوتیاران دەدا ، جێگای باسە حکومەت لەوبڕیارەی قازانجی خۆشی هەبووە لەبەرئەوەی سووی بانکی خستۆتە سەر ( السامرائی ، 1969، ص177)

ئەم هەنگاوەی حکومەت بۆ کۆمەکیکردنی جوتیاران وەک دەستپێک شیاوی هەلوەستە لەسەرکردن و خالێکی ئەرێنیە ، ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت ئاگاداری گرفتەکانی جوتیاران بووەو بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاوی ناوە، بەلام بە دامەزراندنی ئەم بانکە نەتوانراوە ئامانجەکەی بپێکێ و جوتیاران لەو مەینەتەی تێدا دەژیان رزگاریان ببێت لەبەرئەوەی بڕی قەرزەکە کەم بووەو لەئاستی خواستی جوتیاران نەبووە لەلایەکی تریش ئەو مامەڵە ئیدارییانەی کە پێویست بوون بۆ وەرگرتنی قەرزەکە زۆر و کاتی زۆری ویستووە ، قەرزەکە ڕاستەوخۆ لەشاری بەغدا وەرگیراوە بۆیە ئەگەر جوتیارێک بیویستایە سوود مەندبێت لە پێشینەی کشوکاڵی دەبوو لەسەرەتا مامەڵەکەی لەرێگەی هۆبەی کشتوکاڵی لیواکەی دەستپێبکات، دواتر دەبوو بەدەستی خۆی مامەلەکەی ببات بۆ پایتەخت ، لەبەغدا دەبوو (4 -5 )رۆژبەدوای مامەلەکی بێت ئینجا شایستە دارایەکەی وەرگرتووە، بێگومان ئەمەش جگە لە ماندوبوونێکی زۆر خەرجیەکی باشی ویستووە وەک تێچووی رایی کردنی مامەلەکەی و هاتوچۆ و مانەوەو.....تاد (ژین""رۆژنامە"، ژ(601) ، 1940) .

جێگای ئاماژەیە هەندێ لە گرفتە کشتوکالییەکان پەیوەندیان بەسیاسەتی حکومەتی عێراق هەبووە بەتایبەت لە مەسەلەی وەرگرتنی توتن ، توتن یەکێک بووە لەوکاڵا نەختینانەی بەشێکی زۆری جوتیارانی کوردستان بەتایبەت لیواکانی سلێمانی و هەولێر بە بەرهەمهێنانی خەریک بوون ، حکومەتی عێراقیش لە پێناو برەودان بە زیادکردنی بەرهەمی توتن و چاککردنی گوزەرانی بەرهەمهێنەرانی توتن ، سیاسەتی تایبەتی هەبووە ، هەرلەم پێناوەش بۆیەکەم جار لە ساڵی 1936 یاسای پوختەکردنی توتن و چاککردنی ( قانون انحصار التبغ وتحسنه) دەرکرد ( البیاتی ، 1999، ص117) ، ئەم یاسایە دوای چەند ساڵێک هەموارکراوەتەوە ،لەمانگی ئابی ساڵی 1939 یاسای ژمارە (5)ی تایبەت بە پوختەکردنی توتن دەرچوو(محاضر مجلس النواب ، 1939،ص23) ، بە پێی یاساکە حکومەت ئەرکی چاودێریکردنی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی لە بازاڕ و بازرگانیکردنی توتنی بۆ خۆی قۆرغکردوە ، هەرلەم پێناوەش فەرمانگەیەکی تایبەتی دامەزراندوە ، بەناوی فەرمانگەی پوختەکردنی توتن بنکەی سەرەکی لەشاری بەغدا بووە ، بەلام لە تێکرای ئەو لیوایانەی توتنیان بەرهەمهێناوە لقی دامەزراندوە ،جگە لەمانەش ئەم دەزگایە کۆمەڵێک ئەرکی لە ئەستۆ گرتووە، وەک پێدانی مۆڵەتی چاندنی توتن بە جوتیاران ، کڕینی بەرهەمەکە لە جوتیاران دوای ئەوەی لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت بەناوی لێژنەی پوختەکردن (لجنە انحصار)ەوە پشکنینی بۆ کراوە، هەروەها راهێنان بە جوتیاران بۆ ئەوەی فێریان بکات لەبارەی چۆنیەتی مامەڵە کردن بۆ زیادکردنی بەرهەمی توتن لەکاتی چاندن تا دروێنە ، و هێنانی نموونەی توتنی دەرەوە بۆ ناوەوەی وڵات بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمەکە لە رووی جۆرو چەشنەوە(ژیان "رۆژنامە" ژ( 473 )، ،1936، ل2).

پێویستە ئەوە بزانین کەئەم فەرمانگەیە دوای چەند ساڵێک لە مەبەستە سەرەکیەکەی کە بۆی دامەزرابوو لایداوە ، لەبڕی خزمەتکردن بە جوتیاران سیاسەتی رق و تۆڵەی بەکارهێناوە ، ئەمەش بۆتە جێگای رەخنەو قسەو باسی جوتیاران بەتایبەت و رۆژنامەو گۆڤارەکان بەگشتی لەبەرئەوەی ژێر سێبەری هۆکارە سیاسیەکان ئاراستەکانی پلانی بەرهەم هێنانی توتنی گۆڕیوە، واتا هەرکاتێک پەیوەندی نێوان کوردو حکومەتی عێراقی باش بێت نرخی توتن ئاسایی بووە بەڵام بە پێچەوانەوە هەرکاتێک مەترسیەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردی لەسەر حکومەت زیادی کردبێت ،حکومەت نرخی توتنیان هێناوەتە خوارەوە یان پلانی وەرگرتنی بەرهەمەکەیان بەشێوەیەک گۆڕیوە وەک کارتی فشار بەکاریهێناوە، بۆ نمونە لەساڵی 1946 بەهۆی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد بڵاوبوونەوەی هەواڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەرۆژهەڵاتی کوردستان، حکومەتی عێراقی ترسی ئەوەی لادروستبووە دامەزراندنی کۆمار کاریگەری لەسەر باشووری کوردستانیش هەبێت ،بۆیە لەوساڵە بۆ زیادکردنی فشار لەسەرکورد بەرهەمی توتنی جوتیارانی باشوری کوردستانی هەر وەرنەگرتووە ، چونکە پێی وابووە ئەگەر توتن وەربگرن ، کورد دەولەمەند دەبن و دەکەونە بیرکردنەوە لەسەربەخۆی وەک کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان( محمود، 2013،ل92) ، هەرچەندە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دوورە لە ڕاستیەوە بەڵام مەبەست ئەوەیە ،حکومەت بەهانەی بەهەموو شتێک گرتووە بۆ فشار خستە سەر کورد ، یان گەر نمونەیەکی تر باس بکەیەین لەدوای روداوەکانی کانوونی دووەمی سالی 1948، بێگومان کورد رۆڵێکی دیاری هەبوو لە هاندانی جەماوەر چ لەشارە کوردیەکان یان شارەکانی تری عێراق(قادر ، 2005، ل260) ، خۆپیشاندەران جگە لە رەتکردنەوەی رێکەوتنی پۆرتسمۆس داوای چاکردنی بارودۆخی ئابووریان دەکرد بەتایبەت گرانی نرخ لە بازاڕ و نەبوونی نان(رسول ، 2005، ص289) ، لە گرنگترین ئەنجامەکان کەلەدوای خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستان و شارەکانی تری عێراق هاتە کایەوە ، هەڵوەشانەوەی رێکەوتنی پۆرتسمۆس و ڕاگەیاندنی حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی محەمەد سەدر(29کانونی دووەمی 1948-23حوزەیرانی 1948) بوو

( الحسنی ، 1981، ص211) ، بەلام ئەو حکومەتە زۆر درێژەی نەخایاند بەهۆی زەقبوونەوەی کێشەی فەڵەستین و ڕاگەیاندنی باری لەناکاو( حالە الطواری) لەئایاری 1948 لەپێناو گەراندنەوەی ئارامی و ئاسایش بریاردرا هەلبژاردن ئەنجامبدرێت( الحسنی ، 1981، ێ224)، هەرلەم کاتانەدا حکومەت بڕیاریدا بە دابەزاندنی نرخی توتن بەرێژەی (10%) لە نرخی بنەرەتی ، بەڵام لەراستیدا لەکۆی گشتی لەسەر جوتیار بە هەموو وردەکاریەکانی کرێی گواستنەوە و تاقیکرنەوەی دەگەیشتە نزیکەی(40%) ، جگە لەوەش ماوەی دەرچوونی ئەنجامی پشکنینەکان زۆر زیاتر لەجاران دوا دەکەوت ، کە زۆرجار نزیکەی هەشت مانگی دەخایاند ، زۆرجاریش ئەنجامی پشکنینەکان لە دانانی پلەکانی توتن لەگەل خواسی جوتیاران یەکی نەگرتۆتەوە ، ئەمەش هێندی تر ئەرکی سەرشانی جوتیارنی قورستر کردوە ( المحامی (4) 1948، ص4.

سیاسەتێکی حکومەت کە هەر سەبارەت بە وەرزێرانی توتن بەکاری هێناوە ئەویش ئەوەیە بنکەکانی پشکنینی گواستۆتەوە بۆ سەنتەری لیواکان ، بەبیانووی ئەوەی تێچوی ئەو بنکانە لە دەرەوەی لیواکان لەسەرحکومەت زۆر دەوەستێت ، وە لەلایەکی تر پێی وابووە لێژنەکان لە سەنتەری شارەکان ئازاد تر دەبن لە بریاردان لەسەر جۆرو نمرەی توتنەکان وە ناکەونە ژێر فشاری جوتیارەکان

بۆ ئەوەی جۆرو نرخی توتنەکەیان بۆ بەزیاد بخەملێنن ، بێگومان ئەو بریارە لەبەرژەوەندی جوتیار نەبووە چونکە جوتیاران ناچار بوون تێچوی گواستنەی بەرهەمەکانیان بۆ سەنتەری لیواکان بگرنە ئەستۆ( حیدری ،نزار " مجلة" ع ( 10) ، 1948، ص4).کە ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی داهاتەکانیان .

ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە جوتیاران لە باشوری کوردستان پەیرەوی کردووە بەتایبەت سەبارەت وەرزێرانی بەرهەمی ( توتن) ، پارتە سیاسیە کوردیەکانیشی هێناوەتە دەنگ وکاریگەری هەبووە لەسەر هەڵوێستی سیاسیان بەتایبەت پارتی دیموکراتی کورد ، بۆنمونە لە بەیاننامەی پارتەکە کە لەبارەی رووداوەکانی کانوونی دووەمی سالی 1948 کە لە رۆژنامەی رزگاری بڵاو کراوەتەوە ئاماژە بە دوو گرفتی سەرەکی کراوە لە کوردستان ، یەکیان گرفتی بەندکردنی بارزانیەکان ئەویتریش سیاسەتی نادادپەروەرانەی حکومەت بەرامبەر بە جوتیارانی بەرهەم هێنی توتن (رزگاری ،"رۆژنامە" ژ (18،17) ،1948، ل1)

هەروەها لەلایەکی تر فەرمانگەی پوختەکردنی توتن لە پێدانی مۆڵەتی چاندنی توتنیش بەشێوەیەکی یەکسانی و دادپەروانە مامەڵەی نەکردووە ، زۆربەی زۆری مۆڵەتی زەوییەکان تایبەت بە چاندنی توتن نەدراوە بە جوتیاران بەڵکو لەلایەن هەندێ لە گەورە دەرەبەگەکانەوە قۆرغکراوە، ئەوانیش زەویەکانیان بەکار نەهێناوە و لەبازاری رەش مۆلەتەکانیان بە جوتیاران فرۆشتۆتەوە وە بۆ هەر دۆنمێک ( 8 ) دیناریان وەک کرێ وەرگرتووە ، لەبەرامبەر ئەوەش ئەگەر جوتیارێک مۆلەتدار نەبووایەو توتنی بەرهەمبهێنایە سزا دەدرا بە پێبژاردن ( غرامە)و جگە لەوەش بەرهەمەکەی بە رێژەی (25%) کەمتر لە نرخی خۆی لێوەرگرتووە(المحامی ، نزار " مجلة ،ع (7) ، 1948، ص4) ، هەرئەمەش وایکردووە بەشێک لە جوتیارەکان بەتایبەت ئەوانەی مۆڵەتیان نەبووە ، زۆرجار گەر ئاشکرا نەبوونایە توتنەکەیان نەفرۆشتۆتە فەرمانگەی پوختەکردنی توتن بەڵکو بەنهێنی و بەقاچاغ لەبازاری ڕەش توتنەکەیان فرۆشتووە دوای ئەوانیش ڕەوانەی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کراوە تا گەیشتۆتە بەندەری بەسرە(بێخاڵی ، 1986، ل92)

قولبونەوەی ئەم کێشەیە بەشێوەیەک پەیوەندی بەچارەنوسی ژیانی دانیشتوانی کوردستان هەبوو، وای کردوە ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، نووسراوێک پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکەن ، سەبارەت بە بڕیارەکانی بەرێوبەرایەتی پوختەکردنی توتن ، لەیاداشتەکەیان چەند خاڵێکیان پێشنیار کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرزێرانی توتن لەدیارترین داواکاریەکانیان" گەڕانەوەی بنکەکانی پشکنین بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان ، نرخ بەشێوەیەکی دیاریکراوبێت و گۆڕانی بەسەر دانێت، بڕیاری دەستنیشانکردنی جۆری توتن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بێت ، پێدانی مۆڵەت بە جوتیاران بەپێی رووبەری زەوی دیاریکراو بێت ، دانانی لێژنەیەک بۆ تۆمارکردنی ناوی جوتیارانی توتن ، هەندێ لەو کەسانەی کە پسپۆرن لە بواری بەرهەمی توتن ڕاپۆرتێک پێشکەشی ئەنجومەن بکەن سەبارەت بە یاسای ئینحسار بۆ گۆرینی یان لادانی یان هەرکارێکی تر"( نزار " مجلة، ع (19)، 1948، ص5).

بێگومان ئەم هەوڵەی ئەندامە کوردەکان ئەنجامێکی وای لێنەکەوتۆتەوە کە جێگای باسکردن بێت ، وە گرفتەکانی جوتیارانی توتن تا کۆتاییەکانی سەردەمی شانشینی لە عێراق هەروەکو خۆی ماوەتەوە بەو پێیەی (رۆژنامەی ئازادی) لەمانگی حوزەیرانی سالی 1957 لە باسێکدا لەبارەی ئەو ئاریشەیە نووسیویەتی " دایەرەی ئینحساری توتن جگە لەوەی بەبڕینەوەو دابەشکردنی دۆنم بەسەرچەند کەسێک لە دەرەبەگەکانی دۆستی حکومەت دا ، هەموو رێگایەک لە فلاحەکان بڕیوەتەوە ، زۆربەیان لەبەرهەمی توتنی ئەمسال بەشبراون ، هەموو رۆژێکیش پۆلیس و کاربەدەستی ئینحسار هەلئەکوتنە سەر دیهاتەکان و پەلاماری مال و زەویەکانیان ئەدەن ، یا توتنەکەیان هەلئەکێشن یان داگیری دەکەن"( ئازادی "رۆژنامە"،ژ(1) 1957،ل1)

دواکەوتوویی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کەمی شارەزایی جوتیاران دوو گرفتی سەرەکی تر بوون کە لەشارەکە هەبوون ، دیارە هەردوو فاکتەر پەیوەندی هەبووە بە کەمتەرخەمی حکومەت لە بایەخ نەدان بەکەرتی کشتوکاڵی ، زۆربەی جوتیاران نەخوێندەوارو ئەو زانیاریانەی هەیانبووە لە بارەی کارەکەیان زۆر سەرەتایی بوون پشتاوپشت لە باوک و باپیرانیان بۆیان ماوەتەوە ، جوتیاران نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی سەردەمیانە سوود لە زەویەکەی وەربگرێت ، ئامێرە کشتوکالییە پێشکەوتووەکان بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمەکەی دابیننەکراوە، هۆکارەکانی بەرهەم هێنان زۆرسادەبوون کە پێکهاتوون لە گاسن ، داس ، پێمەرە، خاکەناس، شەنە، جەنجەر ...تاد،کە زۆربەیان بەشان و بازووی جوتیار یان بەیارمەتی ئاژەڵ بەکارهاتوون ، لەوبارەیەوە شارەزایەکی کشتوکاڵی لەشاری هەولێر لە بابەتێکدا نوسیویەتی" ئاشکرایە کە زراعەت لە ولاتمان چەندە دواکەوتووە ، لەشێوەی تازەی زراعەت هیچ سودیکمان وەرنەگرتووە ، ئەوەی باپیرانی فەلاحەکان بەنەوعێک چاندویانە و کردیانە بەوشێوەیە ئەونیش چاویان لێکردوە، لەبەر ئەوە بە فەقیری ماونەتەوە هەربە فەقیری دەمینەوە ، لەبەر ئەوە دەبیت بۆ پیشکەوتنی

زراعەت هەولبدەین چاو لە ولاتە دراوسێكان و ئە ولاتـانە بكەیـن كە لە ئـێمە پێشـكەوتو تـرن ،لەبەر ئەوە ئەگەر كەسـیك ولاتە دراوسیكانیشی نەدیبی ، لەشارەكانی عیراق كە بەرهەمر چەند بە جوانی و رازاوەیی دەپێچریتەوە و دەنیرن بـۆ هەمـوو لایەكەوە ...( توفیق ، هەولێر "رۆژنامە" ژ(120)1953 ،ل1) " .

دەبێت ئەوەش لەیاد نەكەین حكومەتی عێراقی كۆمەڵێك هەنگاوی ناوە لە پێنـاو بەرەوپێشـبردنی كەرتی كشـتوكاڵی بەلام ئەمەش لە ئاست خواستەكانی جوتیاران نەبووە بۆ نموونە لە پێناو زیادكردنی زانیارییە كشتوكاڵیەكانی جوتیاران و ئاشـناكردنیان بە شێوازی سەردەمیانەی كشتوكاڵكردن ، لەسالی 1940 بەڕێوەبەرایەتییەكی تایبەت بـۆ رێنمایـی كـردنی جوتیـاران دامەزراوە لە هەموو عێراق سێ لقی كردۆتەوە، لەئاستی لیواكـانی بـاكور شـاری هەولێـر فەرمـانگەیەكی دامەزراندووە(عیـدان ، د.س،ص3) ، لەچوارچێوەی كاروچالاكیەكانی ئەمر بەرێوەبەرایەتیە كۆمەڵێک پسـپۆری ئەمریكـی هێنـاوەتە عێـراق ، بەمەبەسـتی ئەنجامـدانی كۆرو سمینار بۆ جوتیاران و ئاشناكردنیا بە دوا پێشكەوتنەكانی بواری كشتوكاڵ ، هەر لەمر سۆنەگەیەوەش لە پارێزگاكانی بـاكور پسپۆرێكی ئەمریكی بەناوی( مستر بوج ) ناردۆتە هەولێر ، بۆ ئەوەی زانیاریەكانی لە رێگەی شارەزا كشتوكالیەكانی لیوای هەولێر بگەیەنێتە سەرجەمر جوتیاران دواتر لەرێگەی رۆژنـامەی هەولێـرەوە ئاگـاداری بـۆ سـەرجەمر جوتیـاران بلاوكـراوەتەوە ،(توفیـق هەولێـر "رۆژنـامە" ژ(106)1953،ل1 ).دواتـر لەسـەر داوای جوتیـاران جۆرەهـا تـۆی سـەوزەو میـوە لەسـەر ئەركـی حكـومەت هێنراوەتە شارەكە بەسەر وەرزێران دابەشكراوە،(توفیق هەولێر "رۆژنامە"ژ(121)1953،ل2 )

هەروەها دروستكردنی سایلۆی هەولێر بەیەک لە گرنگترین پرۆژە كشتوكاڵیەكان دادەندرێت بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی ، لەساڵی 1958 تەواوبووە، توانای هەڵگرتنی (16000) تەن دانەوێڵەی هەبووە ئەوكات لە ئاستی هەموو عێراق تەنیا چوار سـایلۆ هەبوو ، ئەوانیش لە بەغدا دوو سایلۆ و موسڵ و حلە(الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد،1959،ص348 ؛ الحكومة العراقيـة، وزارة الاقتصاد ،1971،ص7 )

سـەبارەت بە هەولەكـانی حكـومەت بـۆ هێنـانی ئـامێرە كشـتوكالییەكان ،هەر لەسـەرەتای دامەزرانـدنی حكـومەتی عێراقـدا، بەرێوەبەرایەتیەكی تایبەت بە كاروباری كشتوكالی دامەزرا، بەلام ئەمر دەزگایە لەسەرەتا تەنیـا كـاری كـردووە بـۆ رووبەروبـونەوەی گرفت و ئافاتە كشتوكالییەكان ، واتا هیچ هەولێک نەدراوە بۆ هێنـانی ئـامێری كشـتوكالی پێشـكەوتوو تـا سـالانی جەنگـی دووەمـی جیهانی ، بەتایبەت لەسـالی 1942 حكـومەت هەوڵـی زیـاتری داوە بـۆ هێنـانی ئـامێری كشـتوكالی ، هەرلەمر پێنـاوە لەسـالی 1945 بەرێوەبەرایەتیەكی تایبەت داندراوە بەناوی بەرێوەبەرایەتی ئامێرو كەلوپەلە كشتوكالییەكان ( مديريه المكائن والألات الـزراعيه) كە سەرپەرشتی دابینكردنی ئامێرە كشتوكالیەكانی بۆ تەواوی عێراق كردووە(قدو، 1971،ص11 ) ، هاوكات داتاكانی حكـومەتی عێراقـی كۆمەڵێک زانیاری گرنگ دەدەن بەدەستەوە بەتایبەت لەبـارەی بـارودۆخی كشـتوكال و دابینكـردنی ئـامێر كشـتوكالیەكان بـۆ لیـوای هەولێر، بۆنموونە تا لەسالی 1951 لە تەواوی لیوای هەولێر تەنیا(2)تراكتـۆر هەبـووە ، هـیچ دەڕاسـەیەک تۆمـار نەكـراوە ئەمە لە كاتێكدا رووبەری زەوی داچێندراو لە تەواوی لیواكە (17981)دۆنمر بووە(الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد.1952،ص175) ، كەچی لەشارێكی وەک بەغدا رووبەری زەوی داچێندراوی لە هەولێر زۆر كەمتر بووە كە ( 12752) دۆنمر بووە كەچی ( 11) دەڕاسەو (22) تراكتۆری هەبووە (الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد،1958،ص81 ) ، ئەگەر بە وردی سەیری ئامارە فەرمییەكانی حكومەت بكەیـن لەبارەی ژمارەی ئامێرە كشـتوكالیەكان لە زۆربەی شـارە عێراقیەكـان هەلـبەز و دابەزی زۆر دەبینـین ، سـەبارەت بە لیـوای هەولێـر ژمارەی ئامێرە كشتوكاڵیەكان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن تا كۆتای سەردەمی پادشایی جوتیارانی هەولێر توانیویانە سوود لە تەنیا لە( 4) تراكتۆر وەربگرن بۆكێلانی زەویە كشتوكایەكانیان وە هیچ دەڕاسەیەكیان نەبووە بۆ سوود وەرگـرتن لە دروینـەوەی بەرهەمـی دانەوێلەكانیان (الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد.1958،ص111) ، بۆیە جوتیار ناچار بووە بۆ ڕایـی كـردنی كارەكـانی سـوودی لە هەندێ كەرستەی سادە وەرگرتووە هەندێ لەو كەرستانە ڕاستەوخۆ لەلایەن وەرزێـرەكە بەكارهـاتوون و هەنـدێكی تریـان بەهـۆی ئـاژەڵەوە بەكارهـاتووە وەک گاسـن و جەنـجەرو و هەوجـار ...تـاد ،كە ئەمەش لەلایەک پێویسـتی بە توانـاو هێزێكـی زۆر هەبـووە لەلایەكی تریش كاتی زۆری ویستووە(عقراوی ، 1936،ص 104) ، ئەو بەرهەمهێنەرانەی ئامێری نوێ و ولاغی بەرزیان بەكارهێناوە ڕێژەیان 3،7% بووە ، وە وەرزێرانەی لە كرداری كشتوكالی تەنیا پشتیان بە ئاژەڵ بەسـتووەو ئامێریـان بەكارنەهێنـاوە ڕێژەیـان 79% بووە ، ئەوانەی هیچیان بەكارنەهێناوە نە ئاژەڵ و نە ئامێر بەلكو بەهێزی شان و رەنجی خۆیان كاریانكردووە ڕێژەیان 17،3% بووە ، سەبارەت بەبەكارهێنانی پەینی كیمیایی دەتوانین بڵێین هەرنەبووە ، جوتیار زەویەكەی دەكردە دووبەش بەشێكی تۆ دەكرد بەشـێكی تری دەهێشتەوە بۆ ساڵی دواتر بۆ ئەوەی بەپیت بێت وهەرئەوەندەشی پێ تۆكراوە(شاوەیس ، 1999 ،ل 136) .

زۆری ڕێژەی باجەکان یەکێکی تربووە لەو فاکتەرانەی کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر بژێوی جوتیاران ، وەرزێر کەوتووتە بەر دووبەرداش یەکێکیان باجی دەرەبەگەکان، ئەویتریش تریش باجی حکومەت( البیاتی ، 1990، ص161) ، حکومەتی عێراق تا ناوەراستی ساڵانی سییەکان بەشێکی زۆری داهاتی لە ڕێگەی باجی کشتوکاڵی دابینکراوە ، جگە لە باجەکانی دانەوێڵە حکومەت لە سەوزەو میوەو دار ودرەخت باجی وەرگرتووە بەشێوەی دەیەک ، ئەمەش گران وەستاوە لەسەر جوتیاران ، زۆرجار جوتیاران داهاتی نیوەی بەرهەمەکانیان بەهۆی باجەکان لێوەرگیراوە جگە لەو باجانە ،باجەکانی ( رسوم ، عبور ، الاراضی ، استهلاک ، رسوم الدلالە) لە جوتیاران وەرگیراوە( محمود ، 2013،ل68).

سەختی بارودۆخی ئابووری جوتیاران ، قەبارەی کێشەکە بەشێوەیەک گەروە بووە سەرنجی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی ڕاکێشاوە ، ئەنجوومەن چەند دانیشتنێکی ئاسایی و نا ئاسایی تەرخان کردووە بۆ ئەو کێشەیە ، هەر لەم رووە بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن هۆکاری سەرەکی کێشەکەیان بۆ زۆری باجەکان و گرنگی نەدانی حکومەت بۆ پەرەپێدانی کشتوکالی گەراندۆتەوە ، ئەوەی جێگای باسە نوێنەرە کوردەکان رۆڵی بەرچاویان گێراوە ، داوایان لە حکومەت کردووە چاو بە یاساکانی باجە کشتوکالییەکان بخشێنتەوە (االفیلی ، 2005، ص110). مەعروف جیاووک نوێنەری هەولێر، جیا لە نوێنەرە عەرەبەکان زیاتر بەداکۆکی کارێکی مافەکانی جوتیاران ناسراوە ، لە یەک لە دانیشتنە ئاساییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە لەبارەی بارودۆخی ئابووری عێراق بەستراوە، ناوبراو بەوپەڕی ڕاشکاوی دەڵێت " یاساکانی تایبەت بە زەویە کشتوکالیەکان و بەرهەمە کشوکالیەکان نایەکسانی زۆری پێوەدیارە ، زۆر جوتیار بەرهەمەکانیان بەشی خۆیان و ماڵ و منداڵیان ناکات ، بۆیە دەبێت یاساکانی باج ئەولایەنە لەبەرچاو بگرێت ، ئەگەر وانەبێت، زولمە ، زولمە ، زولمە"(محاضر مجلس النواب، 1928،ص976). ئەم لێدوانەی جیاووک سەرنجی زۆرێک لە توێژەانی ڕاکێشاوە بەتایبەت ئەوانەی باسی سیستەمی باجی حکومەتی عێراق لەسەردەمی ئینتداب دەکەن ئەم وتەیەیان وەک نموونە هێناوەتەوە( رسول،2015،ص217) .

دوای سەرهەڵدانی هەلومەرجی قەیرانی ئابووری جیهانی[4] هێندەی تر بارودۆخی خەلک بەگشتی و جوتیارانی بەتایبەت قورسترکردووە ، حکومەتی عێراق بۆ کەمکردنەوەی فشارە ئابووریەکان لەسەر بوجەی دەولەت، سیاسەتی زیادکردنی باجی پەیرەوکرد ، لەساڵی 1930 بریاریدا بە زیادکردنی باجی کشتوکالی بۆ 50% ئەوەش بۆتە بارێکی گرانتر بە سەر خەڵکەوە ، ئەمەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی خەلک بەگشتی وجوتیاران و خاوەن ئاژەلەکان بەتایبەتی ، داوای پێداچوونەوە بەیاسای باجەکان کردوە بەشێوەک ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی خەڵک بکات ( احمد،1987،ص87).

خراپی ڕێگاکانی هاتوچۆ ، نەبوونی ڕێگای قیرتاو ،وایکردووە تێچووی گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ئاژەڵیەکان زۆربێت کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر داهاتی وەرزێر دروست دەکات ، بەهۆی زۆری تێچوی گواستنەوەی بەرهەمەکان ، ئەوداهاتەی دەستی کەوتووە لەزۆرکاتدا بەشی کرێی گواستنەوەی بەرهەمەکانیانی نەکردووە ، ئەمەش وایکردووە هەندێ لە خاوەن ئاژەڵەکانی ناوچە دوورە دەستەکان بەرهەمە سپاییەکانیان لەشیر وماست و پەنیرو قەیماغ و لۆر و...تاد، هەرنەهێناوەتە بازار بەڵکو کردویانەبۆ ڕۆنی ئاژەڵی ، چونکە خراپی ڕێگاکان بۆتە هۆی ئەوەی کرێی گواستنەوەی گران بێت لەلایەکی تر وایکردووە بەرهەمەکان وەک خۆی ولەکاتی خۆی نەگاتە بازار کە بێگومان ئەمەش وایکردووە نرخی دابەزێت ( رەشاش ، 2011، ل20).

ڕێگای هەولێر – مەخمور ، شا ڕێگەی بەستنەوەی هەولێر بووە بەدەشتی کەندیناوەو قەراج ، کە ئەم دەشتە سەرچاوەی سەرەکی دانەوێڵەو و بەرهەمە ئاژەلیەکان بووە بۆ دانیشتوانی سەنتەری شار کەچی تاسالانی جەنگی جیهانی دووەم هیچ ڕێگایەکی سەرەکی بۆ بەستنەوەی هەولێر بە دەشتی هەولێر نەبووە ، بەریتانیەکان لە نێوان ساڵانی 1943-1945 ، ڕێگای نێوان هەولێر – مەخمور ، مەخمور – گوێڕیان دروستکردوە، بەلام ئەویش قیرتاو نەبووە بەڵکو تەنیا بەردرێژبووە، تەنیا شەقامێکی قیرتاوکراویان لە نێوان زێی بچوک تا گوێڕ دروستکردووە ، دیارە هەوڵەکانی بەریتانیەکان لە دەشتی هەولێر زۆر درێژەی نەکێشاوە دوای تەواوبوونی جەنگ کاریان بە ڕێگاکە نەماوەو پشتگویان خستووە دواتر ئەرکی سەرپەشتیکردنی ڕێگاکەیان داوەتە دەست یەکە ئیداریەکانی شارەکە، بەڵام ئەوانیش گرنگییەکی ئەوتۆیان بە ڕێگاکە نەداوە ، تاوای لێهاتووە دوای ماوەیەکی کەم بەتەواوی خراپ

---

[4] سەرەتای ئەم قەیرانە لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا ، بەهۆی زۆری بەرهەم و کەمی خواست نرخی کاڵاکان بەشێوەیەکی چاوەروان نەکراو دابەزی، بازاری دراوی بۆرسەی نیۆرک لە 24تشرینی یەکەمی 1929 رووبەرووی دابەزینێکی بێ وێنە بۆوە زیانی ملیۆنەها دۆلاری لێکەوت ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەدوای خۆی ژمارەیەکی زۆر لەبانقەکانی تر مایەپوچ بکات ، ئەم رووداوە کاریگەری تەنیا لەسەر ئەمریکا نەبوو بەلکو رەنگدانەوەی لەسەر ئابووری زۆربەی ولاتان و ولاتانی زلهێز بەتایبەت هەبووە ، قەیرانەکە لەساڵی 1933کۆتای هات بەلام لێکەوتەکانی تا سالی 1935 بەردەوام بوون بڕوانە : سامان حوسێن ، زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا کۆتایی جەنگ سارد 1914-1991، چاپخانەی موکریان ، هەولێر، 2012،ل115.

بــووە و پڕبــووە لە چــاڵ و چــۆڵ، زۆرجــار لە وەرزی زســتان هــاتوچۆکردن لەســەر ئەو شــەقامە پەکــی کەوتــووە(هەولێر "رۆژنامە"،ژ(109)،1953، ل1)

سەبارەت ڕێگای هەولێر - کۆیە، بەهەمانشێوە ڕێگایەکی بەردریـژوو و بێ خزمەتگوزاری بـووە( محـاضر مجلـس النـواب، 1944،ص289) سەرەڕای ئەوەش تا ساڵی 1953 هیچ ڕێگەیەک لە نێوان کۆیەو ڕانیە هەرنەبووە کە ئەمەش زیانی زۆری بە خەلکی ئەو ناوچانە بەگشتی و وەرزێرو ئاژەڵدارەکان گەیاندووە، کە ئەمەش وەک کێشەیەکی ئەوکات لە رۆژنامەکان ڕەنگی داوەتەوە ، بـۆ نموونە رۆژنامەی هەولێر دەربارەی ئەم ڕێگایە نوسیویەتی " کۆیە چاکترین جۆری توتن ئەهێنە بەر ، جگە لە دەغـل و دان و مەرو مالات و دارو خەڵوزێکی باش ، بەلام داخەکەم سەبارەت بە ناخۆشی ڕێگای هاتوچۆکردن و لەبەرگرانی کرێ وبار سودێکی ئەوتۆی لێ ناکرێت کە لەبەرامبەر ماندوبونەکەیان ڕاوەستێ .... "( احمد ، هەولێر "رۆژنامە"(115)،1953،ل1).

بێگومان خراپی ڕێگاوبانەکان وایکردووە ژمارەی ئۆتۆمبێلیش بەتـایبەت ئۆتـۆمبێلە بارهەڵگرەکـان ژمارەیـان کەم بێـت و بەپێـی پێویســت نەبێــت ، خەلــک بــۆ هــاتوچۆی تــایبەتی خــۆی یــان جوتیــاران و ئاژەڵــدارەکان بۆگواســتنەوەی بەرهەمەکانیــان ئــاژەڵە بارهەڵگرەکانیان بەکارهێناوە(جامباز، بەرزنجی ،2006،ل13) ، لەساڵی 1929 لە تێکرای لیوای هەولێر تەنیا (33) ئۆتۆمبێل هەبوون کە سەرجەمیان ئۆتۆمبێلی کرێ بوون و هیچیـان بـارهەڵگر نەبـوون ، لە سـاڵی 1935 لە تێکـرای لیـوا ( 42) ئۆتـۆمبێلی کـرێ و ( 7) ئۆتۆمبێلی بارهەلگر هەبووە (حکومة العراقیە ، وزارة مالیة،1938،ص106) .

دوای ئەوەی لەسـالی 1950 ئەنجـوومەنی ئـاوەدانکردنەوە ( مجلـس الاعـمار) دامەزرا ، دوای دانـانی یاسـایەک بـۆ کارەکـانی ئەنجوومەن ، بەپێی یاسا (70%) داهاتی نەوت تەرخان کراوە بۆ نەخشەو پلانەکانی ئەم ئەنجوومەنە( الداهری ، 1968،ص195) لە پلانی ئابووری سالآنەی حکومەت بۆ ساڵەکانی 1951-1956 ، بری (65) ملیۆن دینار تەرخانکرا بۆ خزمەتگـوزارییە گشـتیەکانی وەک دروستکردنی ڕێگاوبان و پرد و نەخۆشخانەو ڕێکخستنی سیسـتەمی ئـاودێری بـۆ کەرتی کشـتوکالی ( حبیـب ، 1969، ص46) ، هەر لەم چوارچێوەیەش هەولێریش وەک سەرجەم لیواکانی تر لە پرۆژەکانی ئەنجـوومەنی ئـاوەدانکردنەوە بێـبەش نەبـووە، لە بـواری دروستکردنی ڕێگاوبان لەوماوەیە کۆمەلێک ڕێگای نوێ دروستکراون و هەندێکیش قیرتاوکراون، لەوانە قیرتاوکردنی ڕێگای هەولێر - شــەقلاوە - ڕانــیە ، هەروەهــا ڕێگــای کــۆیە - تەق تەق ، کەرکــوک، دروســتکردنی ڕێگــای دیانــا -برادۆســت- رۆســت-رایەت-بلەوبارزان(هەتاو "گۆڤار"، ژ( 22) ، 1955، ل23) ، نـۆژەنکردنەوەی بەشـێک لە ڕێگـای نێـوان هەولێـر - مخمـور( الـدفتر ،حسـن ،د.ت،ص491) هەرئەمەش فاکتەری گرنگ بووە بۆ زیادکربونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە تەواوی لیـواکە بەبەراورد لەگەل سـالەکانی تر بەرێژەیەکی بەرچاو ، لەساڵی 1957 ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان بەوشێوەیە بووە (157) ئۆتۆمبێلی تایبەت (69)ئۆتۆمبێلی کرێ (144) ئۆتۆمبێلی بارهەلگر (الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد1955،ص198 ).

گرفتێکی تر لە گرفتە کشتوکالیەکانی تر بریتیە لە کۆچکردنی( گەرمیان و کوێستان)ی ڕەوەندەکان (بێخالی،2009،ل4108) خاوەن مەڕەکان مێگەلی زۆر گەورەیان هەبووە ، هەندێ مەڕدار ژمـارەی ئاژەلەکانیـان گەیشـتۆتە نـزیکەی (2000) سـەر( رەشـاش، 2011، ل30) ، بۆیە ئەوانە لەکاتی کۆچکردنیان بەئاسانی نەیانتوانیوە کۆنترۆلی ئاژەلەکانیان بکەن ، زۆرجار لەکاتی کۆچکردنیان بەدرێژایی ڕێگەی هەوارەکەیان ئاژەلەکانیان زیانی زۆریـان گەیانـدووە بە کێلگەو رەزوو باغـانەی کە کەوتـونەتە سـەر ڕێگـای کاروانەکانیـان ، بەتایبەت لە وەرزی بەهار کە کۆچیانکردووە بۆ کوێسـتانەکان ، جوتیـاران بەرهەمەکانیـان هێشـتا بەتەواوی پێنەگەیشـتووەو سـاوا بووە، سالآنە ئەو دیاردەیە زۆر دووبارە بۆتەوە ، جوتیارێکی زۆر زەرەرمەند بـوون هەرئەمەش وایکـردووە لەهەنـدێ جـار کێشـەی کۆمەلاتیشی لێکەوتۆتەوە(روناکی "گۆڤار" ،(9) ،1936، ل2 ؛ فتاح ،1952،ل 3 ).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە باری ئابووری هەولێر بەدەست چەند کێشە نالاندویەتی ، هەولەکـانی حکـومەت بەپێـی پێویسـت نەبووە بۆ چارەسەرکردنیان، هەندێ لە گرفتەکان تاکۆتایی سەردەمی شانشینی لەعێـراق هەرمـاوەتەوە بەتـایبەت دەربـارەی خراپـی ڕێگاو بان و دواکەوتووی ئامێرە کشتوکالییەکان و زۆری ڕێژەی نەخۆشی و ئافاتە سروشتییەکان .

**ب- مولکداری زەوی :**

کێشەکانی وەرزێرو دەرەبەگەکان یەک لەو دیاردانەیە بەدرێژایی سەردەمی پادشایەتی هەستی پێدەکرێت و بەچارەسـەر نەکـراوی ماوەتەوە تاکۆتایی سەردەمەکە( محمود ، 2013، ل54) ، خاک و ئاو بۆتە کلیلی دروستبوونی پەیوەندیەکانی نێـوان ئەم دوو چیـنە بەڵام ئەویش لەیەک ئاست نەوەستاوە بەڵکو سەریکێشاوە بۆ ڕێکخستنی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوەی لەڕووی ئابووریەوە وەرزێرەکان لە بارودۆخێکی خراپ ژیاون و ژیـانێکی کولەمەرگیـان بەسـەربردووە ، نەیـانتوانیوە ئەوەی کە بەرەنجـی شـانی خۆیـان بەرهەمیان هێناوە پێداویستیەکانی ژیانی پێدابین بکەن ، دەرەبەگەکان لە چەوسانەوەی جوتیارەکان و داپلۆسـینیان لە ڕووی مـادی

ومەعنەوی رەفتاریان لە کارمەندانی حکومەت زۆر خراپتر بووە ، بەشێوەیەک هەمیشە هەولیان داوە جوتیاران بچەوسێننەوە، جگە لەوەی لەکاتی خەرمانی دەغلودان یان بەرهەمەکانی میوە بەشی خۆی بردووە ، هەندێ لە دەرەبەگەکان ساڵانە مریشکانەو مەڕانەو بزنانەشیان وەرگرتووە ، یان زۆرجار ئەگەر دەرەبەگ ژنی بۆکوڕی بهێنایە یان کەلوپەلێکی گرانبەهای وەک تفەنگ یان ئۆتومبێلی بکڕیبوایە، دەبوو جوتیارانی گوند هەرکەسە لەلای خۆیەوە بڕیک پارەی بۆ ببردابوایە بۆ ئەوەی ئەم برە خەرجیەی ئاغا سەرفیکردوە بەشێکی لەم رێگەوە بۆ بگەرێنەوە( صالح ،2011،ل194 ؛ رەش،1980،ل21) ، جگە لەوەی ساڵانە دەبوو چەند رۆژێک وەک سوخرە کار بۆ ئاغاکەیان بکەن ، تەنانەت زۆرجار بۆ نەخۆشی گەر پێویستی کردبێت سەفەر بۆ دەرەوەبکات پارەیان لە جوتیاران وەرگرتووە وەک ئەوەی لەساڵی 1952- 1953 لە گوندی قازیخانە روویدا کە ناونراوە باجی "ئەستەمبۆلانە" ئاغای گوندەکە کەناوی "حسین مەلا دزەیی " دوای ئەوەی نەخۆش دەکەوێت ، داوای لە جوتیاران کردووە باجی پێبدەن بۆ ئەوەی سەفەری شاری ئەستەمبۆل بکات بەمەبەستی خۆچارەسەرکردنی، ئەوی جوتیاری زیاتر هەراسان کردووە فشارە دەروونیەکان بووە نەک ماندووبون و زیانە داراییەکان چونکە جوتیار ئەو کارانەی ئارەزوومەندانە ئەنجام نەداوە(قادر ،2005،ل234).

بەردەوامی ئەم بارودۆخە وایکردووە لە هەندێ کات جوتیاران بەهۆی ترس و دڵە ڕاوکێ لە دەرەبەگەکان واز لە هەندێ مافی گرنگی خۆیان بهێنن کە داهاتوویان پێوە پەیوەست بووە ، بۆ نمونە لەسەرتای ساڵی چلەکانی سەدەی بیستەم لەسەردەمی کابینەی دووەمی حکومەتەکەی حمدی پاچەچی ،حکومەت بریاری دا کۆمەلێک گۆڕاناکاری ریشەیی لە کەرتی کشتوکاڵ بەگشتی ئەنجامبدات ( الحسنی ، 1981،ص213)، هەر لەم ڕووەوە لە لیوای هەولێر چەند هەنگاوێکی بەکردار ئەنجامداوە ، لەوانە بریاڕی رێکخستن و دابەشکردنی زەوییەکانی دەشتی قەراج دراوە ، بەلام بەهۆی نەبوونی هۆشیاری لەلایەک فشاری دەرەبەگەکان لەلایەکی تر وایکردووە جوتیاران ئەم بڕیارەی حکومەت ڕەت بکەنەوە ویاداشتێکیان بۆ یەکە ئیداریەکانی ناوچەکە بەرزکردۆتەوەو رەزامەندیان نیشانداوە لەسەر ئەوەی کە زەویەکانیان هەر لەسەر موڵکی دەرەبەگەکان بمێنتەوە بەوپێەی لە باوک و باپیرانیان بۆیان ماوەتەوە، بڵاوکراوەیەک لەوبارەیەوە نووسیویەتی "جوتیارانی دەشتی قەراج لەبەر نەزانی و کەمی ئاستی هۆشیاری لەلایەک ، لەلایەکی تر فشاری دەرەبەگەکان بە هەڕەشەو چاو سورکردنەوە ، وەک هەڕەشەی کوشتن و بەتاڵانبردنی ماڵ و دەرکردنی جوتیاران لە گوندەکانیان ، وایکردووە ڕاپۆرتێک بۆ حکومەت بەرزبکەنەوە کە تێیدا رەزامەندیان داوە ، زەویەکانیان هەرلەسەر مولکی دەرەبەگەکان بمێنتەوە بەو پێیەی لەباب و باپیران بۆیان ماوەتەوە بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین سنورێک بۆ باڵادەستی دەرەبەگەکان دابنێت" (تێکۆشین" گۆڤار" ژ(1)،بی سال،ل1) .

لەدەشتی هەولێر بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکان ،داهاتێکی ئابووری دیاریکراویان نەبووە ، نە زەویان هەبووە نە توانای ئاژەڵداریشیان هەبووە ، ئەوانە زیاتر بەکاری سەپانی و شوانی و گاوانی خەریک بوون ،لە کوردەواری پێیان وتراوە " ئاوخۆرەوە"[5]دانیشتوانی گوندەکان زیاتر کۆمەکیان کردوون و یارمەتیان داون ، هەندێ جاریش دەرەبەگەکان دانەوێلەیان پێداون ، خاوەن ئاژەلەکانیش لەبەرهەمەکانی ماست و پەنیر بێ بەشیان نەکردوون ، ئەوانە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان بارودۆخیان لە جوتیاران زۆرخراپتر بووە ، بەشێوەیەک هەندێ جار نەبوونی و هەژاری وا تینی بۆ هێناون لەگەل دەرەبەگەکان بەناچاری رێککەوتوون ، کە رۆژانە خزمەتی تەوێلەو ولاغەکانیان بکەن ، شوێنەکانیان پاک بکاتەوەو ئالیکیان پێبدات ،تەنیا لە بەرامبەر ئەوەی ئەو ئالیکەی کە لەبەردەم ئاژەڵەکان دەمایەوە ئاوخۆرەوەکە بۆ خۆی ببات (رەشاش، 2011، ل20)

بەردەوامی ئەم بارودۆخە سەختە وایکرد پارتە سیاسیە نهێنیەکان بەپێی هێلی سیاسی بیروباوەری تایبەتی خۆیان بخزێنە نێو بازنەکانی تێکۆشانی جوتیاران و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جوتیاران( قادر ، 2005، ل243) هەر لەم پێناوەش حزبی شیوعی عێراقی رۆژنامەی ( یەکێتی فەلاح )[6] و پارتی دیموکراتی کورد رۆژنامەی ( نرکەی جوتیار)[7] دەرکرد ، هەریەک لەو بڵاوکراوانە کە گوزارشتیان لە بۆچوونی پارتەکانیان دەکرد هەولیانداوە بۆ پاڵپشتی جوتیاران و ناساندنی گرفتەکانیان بە ئومێدی

[5] ئەم چینە هیچ سەرچاوەیەکی ئابوریان نەبووە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان تەنیا ئاو نەبێت، بۆیە بەوشێوەیە ناوزەندکراون.

[6] یەکێتی فەلاح : رۆژنامەیەکی نهێنی بووە ، ئۆرگانی لقی کوردی حزبی شیوعی عێراقی بووە ، رێکەوتی دەرچوونی یەکەم ژمارەی بەتەواوی دیار نیە ، بەلام دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەی پارتەکە لە شوباتی 1945بڵاوکراوەتەوە ،رۆژنامەکە دەستەیەکی نوسەرانی دیاریکراوی نەبووە ، بەڵکو راستەوخۆ لەژێرچاودێری کۆمیتەی ناوەندی پارتەکە دەرچووەکە لەسەرەتا مەلا شەریف عوسمان بەرپرسی کۆمیتە بووە، لەسەر ناوی رۆژنامەکە نوسراوە ( نیشتمانێکی ئازاد ، گەلێکی بەختیار ) بروانە نەوشیروان مستەفا ئەمین ، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی رۆژنامەونی کوردی 1938-1958رۆژنامەوانی نهێنی ، ب (3) ،سلێمانی ، 2004، ل115 ؛ جەلال دەباغ، چاوگێرانێک بە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی حزبی شیوعیدا ، رۆژنامەڤانی " گۆڤار"، ژ(2) ، هەولێر، 2000، ل 58.

[7] نرکەی جوتیار: رۆژنامەیەکی کوردی نهێنی پارتی دیمکراتی کورد بوو لە سالی 1949، لە پێناو هۆشیارکردنەوەی جوتیاران، بە شێوەیەکی پچر پچر دەرچوو، ژمارە (5) لە ئەیلولی (1953) دەرچووە ، بروانە : جبار جباری ، تاریخ الصحافه الکوردیه فی العراق ، بغداد ، 1975، ص 89 ؛سەدیق سالح ، رەفیق سالح، رۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان –عێراق 1946-1958، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی ، 2011، ل191.

گەیشتن بە مافەکانیان ،هەروەها بەشێوەیەکی گشتی پارتەکان پێیان وابووە ،ئەنجامدانی ڕاپەرینەکی گشتگیر و دامەزراندنی و بەرەیەکی تۆکمەیە لە دژی دەرەبەگەکان ، هەوێنی چارەسەرکردنی گرفتەکان و برینی جوتیاران سارێژ دەکات ، باشترین نموونەمان بۆ سەلماندنی ئەم راستیە ئەوەیە کە ئەگەر سەیرکەین لەکۆی سەرجەم ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی نرکەی جوتیار کە دۆزراونەتەوە ,لە تەنیشت ناوی رۆژنامەکە پارچە شیعرێک بە گەورەیی نووسراوە و دەڵێت "

گەلێک کە مێژووی بەخوێن نەنوسرێ

چۆن تۆلەی ژینی دوارۆژ وەردەگرێ

یا کەی سەربەستی بەکەس دراوە

کە هەر بەخوێن خەبات ئەسەنرێ ( نرکەی جوتیار "رۆژنامە"،ژ(5) 1953 ل2 ؛

نرکەی جوتیار "رۆژنامە ژ(6) 1953 ل1 ؛ نرکەی جوتیار "رۆژنامە ژ(7و8) 1953 ل1)

ئەگەر تێبینی گرفتەکان و داخوازیەکانی جوتیاران بکەین بەشێوەیەکی گشتی دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئاریشەکانی جوتیاران تایبەت نەبوون بە ناوچەیەک یان سنوری جوگرافی لیوایەک ، بەڵکو دیاردەیەکی گشتی بووە لە تێکرای عێراق باوبووە ، هەرلەبەر ئەوەش بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی چەندین ڕاپەرینی جوتیاران لەناوچە جیاجیاکانی عێراق ڕوویانداوە لەوانە ڕاپەرینی جوتیارانی سەماوە لەساڵانی 1932-1937، ڕاپەرینی جوتیارانی سوق لشیوخ لەساڵی 1935 راپەرینی جوتیارانی قەزای قورنە لەنیوان ساڵانی 1935-1936،راپەرینی جوتیارانی عەرەبەت لەسالی1947 (رسول،2005،ێ312 ؛ قفطان ، 2004، ێ35) شیاوی باسکرنە شاری هەولێریش لە جولانەوەکانی جوتیاران بێبەش نەبووە ، لە بەهاری ساڵی 1953 وەرزێرانی دەشتی هەولێر ، ڕابەرایەتی گەورەترین جولانەوەیانکرد لەدژی ئاغاکانی دزەیی، وەک ئاشکرایە سەرەتای راپەرینەکە لە گوندی قازیخانە دەستی پێکردووە( حمیدی ،1980،ص40) ، کاتێک دووچاری سەپاندنی باجێکی نوێ دەبنەوە لەلایەن ئاغاکەیانەوە ( بۆ زانیاری زیاتر بروانە: قادر ، 2005، ل239-245 ) ، دواتر جولانەوەکە فراوانبوو کە زیاتر لە شەش هەزار خێزانی جوتیار بەشداربوون ، سنوری جوگرافیای راپەرینەکە تەواوی گوندەکانی دزەیی دەگرێتەوە لەنیوان بەرزاییەکانی زورگەزراو لەناحیەی دوبزی سەر بەلیوای کەرکوک تا دەگاتە رێگای سەرەکی هەولێر – موسڵ ( سیباهی ،2010،ص244) ، ئەم جولانەوەیە چەندین ئامانجی لەخۆ گرتبوو ،لەوانە کەمکردنەوەی مولکانە ، قەدەغەکردنی دەرکردنی جوتیاران لە گوندەکانیان ، نەهێشتنی باج و سەرانەو کاری سوخرە ، سەندنەوەی زەویە ئەمیریەکان و دابەشکردنەویان بەسەر جوتیاران(الحیدری ،1977 ،ص276) هاوکات هەوڵەکانی پارتە سیاسییەکان و بڵاوکراوەکانیان رەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە لەسەر هۆشیارکردنەوەی جوتیاران ، حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری راپەرینەکەیان کرد ( رسول ، 2005، ص317) ، لە سالی 1945 شانەکانی حزبی شیوعی عێراقی لە گوندی قازیخانە چالاکیان هەبووە ، هەر لەبەرئەمەش ئەم گوندە بووە مەلبەندی راپەرینەکە(سیباهی ،2010،ص243) . بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دزەییەکانیش لەبارەی سەرهەلدانی راپەرینەکە لەسنووری دەستەلاتی ئەوان ، بۆچونێکی تریان هەیە ، ئەوان پێیان وایە ڕاپەرینەکە پەرچەکرداری هەڵسوکەوتی دەرەبەگ و خاوەن مولکەکان نەبووە بەڵکو بەهۆی بلاوبونەوەی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و فەراهەم بوونی ئازادیەوە سەریهەڵداوە بەو پێیەی کاتێک نەخوێندەواری باڵی بەسەر زۆربەی ناوچە عەشائیریەکانی کوردستان و باشووری عێراق کێشابوو ، بەڵام ناوچەی دزەییان لەساڵەکانی بیستەکان و سەرەتای سیەکان قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە (دزەیی ، 2009، ل 67)

هەرچونێک بێت دوای ئەوەی چەند مانگێگ راپەرینەکە بەردەوام بووە دەرەبەگەکان بەمەبەستی کپکردنەوەی جولانەوەکە پەنایان بۆ حکومەت بردووە ، حکومەتیش دوای رەوانەکردنی هێزی پۆلیس لە رێگەی بەکارهێنانی هێز توانی راپەرینەکە سەرکوت بکات ( قادر ، 2005، ل250) ، جوتیاران دووچاری سزای جۆراوجۆر بوونەوە ، نزیکەی دووسەد کەس دەستگیر کراو ژمارەیەک خانوو سوتێندراو هەندێ لەخێزانە جوتیارەکانیش لە گوندەکانیان دورخرانەوە بۆ ناوچەکانی بتوێن و قەلادزە کۆچیانکرد( سیباهی ،2010،ص243 ) .

سەبارەت بە جۆری زەویی موڵکدارەکانی دەڤەری هەولێر ، بەزۆری لە جۆری مولکداری بچوک بووینە ، تا سالی 1958 لە ئاستی مەرکەزی قەزا ، ئەحمد پاشا لە ریزی ئەو گەورە دەرەبەگانەی عێراق ناویان هاتووە کە ڕووبەری مولکەکانیان زیاتر بووە لە ( 30.000) دۆنم (بطاطو ، 1995، ص81-84) ، لەدوای ئەوانەش بنەماڵەی مەلافەندی ناویان دێت ، هەرچەندە رووبەری موڵکەکانیان بە ژمارە نەهاتووە ، بەلام خاوەنی رووبەری زەوی (40) گوند بوون ( بێخالی ، هەولێرم وادیوە ، 1997،ل191 )

گرنگترین خاوەن زەویەکانی هەولێر کە نیشتە جێی مەرکەزی قەزابوون و زەویەکانیان لە دەوربەری هەولێر بووە بریتین لە بنەماڵەکانی "مەلای گچکە ( مەلا فەندی ) ، یعقوب ئاغا ، رشید ئاغا ، وە یسی ئاغا ، عومەر ئاغای حاجی ئەحمەد ئاغا ، عەبۆ ئاغای عوزێری ، مەردان ئاغا ، محەمەد ئاغا ، مێردەمر خان ، دەباغەکان بەگشتی ، پیربال ئاغاو عەبدوڵا چەلەبی ، عەبدولرەزاق ئاغا ، عەبدوڵلا پاشا ، سعید ئەحمەد ئاغا ، نەقیب سالحە سۆر چاوشلی ، زێوەر ئاغای پیرەبابی ، حەیدەرەیەکان و شێخەکانی خانەقا ، شێخ محێ دین شێخ سالح تەیرۆ ، حەمۆ عەلی زەمۆ ، عەلی پاشا دۆغرەمەچی ، بنەماڵەی حەسەنە شەل " (بێخالی ، هەولێرمر،1997، ل191) یەک لە تایبەتمەنیەکانی مولکدارەکانی هەولێر ئەوەیە کە پێگەو ناو ناوبانگی دەرەبەگەکان لەپاڵ ژمارەی گوندەکانیان هەژمار کراوە نەک رووبەری زەویەکانیان بۆنمونە دەلێن فلانە ئاغا خاوەن ئەوەندە گوندەیە نەک ئەوەندە دۆنمەیە، زۆربەیان زەویەکانیان لەباوك و باپیرانەوە بۆ ماوە تەوە (بێخالی ، هەولێرم،1997، ل190) لەکۆتایدا پێویستە بوترێت بەشێوەیەکی گشتی بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق کێشەکانی نێوان جوتیاران و دەرەبەگەکان بەچارەسەرنەکراوی ماوە تەوە.

**ئەنجام**

بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق کشتوکال بایەخێکی تایبەتی هەبووە لەلایەن دانیشتوانی لیوای هەولێر، بەلام ئەمر لایەنەش بێ گرفت نەبووە ، چەند کێشەیەک لەئارادابوون کە وایانکردووە جوتیاران لەبارودۆخیکی دژواری ئابووری ژیان بەرێبکەن ، هەندێ لە گرفتەکان سروشتی بوون وەک گرفتی وشکە ساڵی و نەخۆشییە کشتوکالییەکان ، مەترسیەکانی کلۆ، دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین هەندێ لە گرفتە سروشتیەکان هەر لەعێراق قەتیس نەبووە بەلکو دیاردەیەکی نێو دەولەتی لە ژمارەیەک ولاتی هەرێمی هەبوون .

لەگرفتە مرۆیەکانیش کە جوتیارانی هەراسانکردووەو تا رادەیەکی زۆر حکومەت لێی بەرپرسیار بووە لەوانە مامەلەی سەلەم کە لەسەرەتادا بەهۆی نەبوونی بانکی کشتوکالی سەری هەلدا ، هەروەها زۆری رێژەی باج ، خراپی رێگاو بانەکان ، دانانی نرخی بەرهەمەکان بەتایبەت توتن ، دواکەوتووی و سادەیی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و دابینەکردنی ئامێر کشتوکاڵیبە پێشکەوتووەکان ، سەرباری هەموو ئەمانەش نایەکسانی لە خاوەنداریەتی مولکداری زەویە کشتوکالیەکان و مامەلەو هەلسوکەوتی دەرەبەگەکان لەئاست خواستەکانی جوتیاران هێندەی تر جوتیارانی توشی نائومێدی کردووە.

چەند هۆکارێک رۆڵیان بینووە لە بەردەوامبوونی کێشەکانی نێوان جوتیاران و دەرەبەگەکان ، لەوانە هەندێکیان دەگەرێتەوە بۆ فاکتەری خاوەن ماف لای دەرەبەگەکان وایکردبوو خۆیان بە میراتگری راستەقینەی ئەو زەویانە بزانن بەو پێەی لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیەوە پشتاو پشت بۆیان ماوەتەوە و ئامادەنەبوون دەستبەرداری جیاوکەکانیان بن ، هۆکاری تر پەیوەندی هەیە بە شێوازی پیادەکردنی یاساکانی تایبەت بە مولکداری زەوی لە عێراق ، دەرەبەگەکان هەمیشە سودیان لەو بەندانە بینیوە کە لەبەرژەوەندی خۆیانن ، لەو رووە ئاستی رۆشنبیری و دونیا بینی دەرەبەگەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان رۆلی سەرەکی بینیوە ، بەو پێەیەی زۆربەی منداله دەرەبەگەکان بەهۆی فەراهەمر بوونی بارودۆخی ئابووریان هەلیان بۆ رەخساوە کە ببن بەخوێندەوارو خاوەن بروانامەی بەرز بەلام وەرزێرو منداڵەکانیشیان بەهۆی سەختی ژیان و راکە راکەی دەستکەوتنی نانێک نەیانتوانیوە فێری خوێندن بن کە ئەمەش رۆلی هەبووە لەوەی کە گرفتەکانیان لەسەردەمی پاشایەتیدا بەچارەسەرنەکراوی بمێنتەوە بەردەوامی هەبێت.

**لیستی سەرچاوەکان :**

**بلاوکراوە حکومییەکان :**


الحكومة العراقية ، وزارة المالية ، مديرية التجارة،المجموعة الاحصائية السنوية، لسنة 1929-1930- 1935-1936المالية، مطبعة الحكومة ، بغداد 1938.

الحكومة العراقية ، وزارة الاقتصاد ، دائرة رئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة 1940 ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، 1942.

الحكومة العراقية ، وزارة الاقتصاد ، دائرة رئيسية لأحصاء ، مجموعة الاحصائية السنوية العامة 1951 ، مطبعة الحكومة، ، بغداد 1952.

الحكومة العراقية ، وزارة الاقتصاد ، دائرة الرئيسية لاحصاء، تقرير عن الاحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة 1952-1953، مطبعة الحكومية، بغداد، 1954 ، ص 83

الحكومة العراقية ، وزارة الاقتصاد ،دائرة رئيسية لأحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية العامة1954، مطبعة الزهراء، بغداد، 1955.

الحكومة العراقية ، وزارة الاقتصاد ، دائرة رئيسية لأحصاء ، مجموعة الاحصائية السنوية العامة 1956 ، مطبعة الزهراء، بغداد، 1957

الجمهورية العراقية ، وزارة الاقتصاد ، دائرة رئيسية لأحصاء ، مجموعة الاحصائية السنوية العامة 1958 ، مطبعة الزهراء، بغداد، 1959.

حكومة العراقية ، وزارة الاقتصاد ، المؤسسة العامة للحبوب ، مصلحة تنظيم تجارة الحبوب، دراسة الاقتصادية لخزن الحبوب في العراق ، بغداد، 1971.

**كۆبونەوەكانی ئە نجوومەنی نوێنەران :**

محاضر مجلس النواب ، الدوره الانتخابية الثانية ، الاجتماع غير الاعتيادى ،لسنة 1928، مطبعة دار السلام ، بغداد، 1928.

محاضر مجلس النواب ،الدورة الانتخابية التاسعة ، اجتماع غير الاعتيادى لسنة 1939، مطبعة الحكومة ، بغداد، 1939.

محاضر مجلس النواب ، الهيئة النيابية الحادية عشر ، الاجتماع غير الاعتيادى ، لسنة 1942 ، مطبعة الحكومة ،بغداد، 1942.

محاضر مجلس النواب ، هيئة النيابية العاشرة ، الاجتماع الاعتيادى ، لسنة ،1944، مطبعة الحكومة ، بغداد ، د.س.ط، .

**نامە زانستیەكان:**

**- دكتۆرا بەزمانی كوردی** :

سالح ، ئازاد عوبێد : ڕۆڵی سیاسی وكارگێری و روناكبیری مەعروف جیاوک ، تێزی دكتۆرا ، (بلاوكراوە) ،كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر ، هەولێر، 2008.

**- ماستەر بەزمانی كوردی:**

خدر ،فتاح بهرام: رەنگدانەوەی بارودۆخی باشووری كوردستان لە رۆژنامەنووسی كوردیدا 1932-1958، نامەی ماستەر ( بلاونەكراوە ) كۆلێژی ئەدەبیات ، زانكۆی سەلاحەدین -هەولێر، هەولێر،2012.

**- دكتۆرا بەزمانی عەرەبی** :

رياض رشيد ناجي الحيدري ، الحركة الوطنية في العراق 1948 – 1958 ، اطروحة " دكتوراه" كلية الآداب ، جامعة عين الشمس ، القاهرة ، 1977.

عيدان ، سالم ، الارشاد الزراعي في العراق نشوء و تطوره ، اطروحة"دكتوراه"، جامعة القاهرة ، قسم الزراعة ، قاهرة، د.س.

**ماستەر بەزمانی عەرەبی :**

البياتي ، على خليل احمد : الاوضاع الاقتصادية في العراق 1932-1939، رسالة الماجستير ، جامعة بغداد، بغداد، 1990 .

الفيلي ،عصام كاظم عبدالرضا : الدور السياسي للنواب الكرد في عهدالملك فيصل الاول (1921-1933) رسالة الماجستير ،معهد التاريخ العربى و التراث العلمى للدراسات العليا ، بغداد، 2005.

رسول ، هيمن عثمان : دور نواب اربيل في مجلس النواب العراقى خلال عهد الملكي 1925-1958م، رسالة الماجستير ( غير منشورة) جامعة المنصورة، كلية الاداب، قسم التاريخ ، منصورة، 2015.

**سەرچاوەكان :**

**- بە زمانی كوردی :**

ئەمین ، نەوشیروان مستەفا: چەند لاپەرەیەک لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی 1938-1958رۆژنامەوانی نهێنی ، ب (3) ،سلێمانی ، 2004.

بێخالی ، مەولود قادر: هەولێرم وادیوەوبیستووە ،ب2 ،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 1990.

تاریق ،جامباز، نەژاد بەرزنجی ، : ئاماری دانیشتوانی قەلای هەولێر 1922 سەرای –تەكیە- تۆپخانە ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ،2006.

حوسێن ، سامان: زلهێزەكان لە جەنگی یەكەمی جیهانیەوە تا كۆتایی جەنگ سارد 1914-1991، چاپخانەی موكریان ، هەولێر، 2012.

دزەیی ، موحسین: وێستگەكانی ژیانم ، و، ئیسماعیل بەرزنجی ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر، 2009.

رەشاش، حەمید : ، ژیانی كوردەواری ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، 2011.

زامدار ، مەحمود: رۆژنامەی هەولێر 1950-1953 ، هەولێر ، 1998

سنجاوی ،جەلال مەولود ئەحمەد: بیرو بیرلێدان لە هەولێر ، ئیسنكلۆپیدیای هەولێر ، ب(1) **چاپخانەی بەدرخان ، هەولێر** ، 2009.

صالح ، سدیق : رۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموكراتی كوردستان- عێراق 1946- 1958 لە بلاوكراوەكانی بنكەی ژین ، سلێمانی ، 2011.

غەفور ، عەبدوڵا: جوگرافیای كوردستان، چ4، هەولێر،2005 .

فەیزی، عیزەدین : یەكێتی نوسەران و دووكۆڕ ، هەولێر ، 1981، ل31

قادر ، مهدی محەمەد: ، پێشهاتە سیاسیەكانی كوردستانی عێراق 1945-1958، سەنتەری لێكۆلینەوەی ستراتیژی ، سلێمانی ،2005 .

كاكە ، سەید : ، بیرەوەریەكانی پێشمەرگەیەک ، چاپخانەی شەهاب، چ3، هەولێر ، 2012 .

كۆمەلێک نووسەر ، جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق ، هەولێر 1998

مامۆ، نەجمەدین: بیرەوەریەكانی نەجمەدین مامۆ، پێداچوونەوەی سلێمان شێخ محەمەد، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،2009 .

محمود، بەختیار سەعید: لیوای سلێمانی 1921-1958 لێكۆلینەوەیەكی مێژوویی لە بارودۆخی ئابووری ، سەنتەری لێكۆینەوەی ستراتیژی ، سلێمانی ، 2013 .

موكریانی ، كوردستان: رووناكی 1935/10/24 – 1936/5/16یەكەمین گۆڤاری كوردی شاری هەولێر ، هەولێر ، 2001.

**ب– بە زمانی عەرەبی:**

احمد ، كمال مظهر : صفحات من تاريخ العراق الحديث ،دار الشؤون الثقافية، بغداد ،1987.

التكمجي ،حافظ شكر:الخلفيات الاقتصادية لثورة 14تموز 1958، دار الرواد ، بغداد ، 2010.

الحسني عبدالرزاق : تاريخ الوزارات العراقية ، ج(7)، دار الشؤون الثقافة العامة ، بغداد، 1981،

الداهري ، عبدالوهاب المطر: التنمية الزراعية في المجتمعات التقليدية تقنيتها و اقتصادها ، بيروت ، 1968

الدفتر، محمد هادي :عبدالله حسن ، العراق الشمالي ،تاريخ المحافظات ديالة،كركوك، السليمانية، اربيل، مطبوعات النهار

السامرائي ،سعيد عبود : موارد العراق الاقتصادية ، النجف ، 1975.

د.م.ط،د.س.ط .

بطاطو، حنا : العراق الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من عهد العثماني حتى قيام الجمهورية ، ت:عفيف الرزاز ،بيروت، 1995.

بی ره ش : بارزان وحركة الوعى القومى الكردى 1826-1914، ب.م ، 1980

جبارى ، جبار: ، تاريخ الصحافه الكورديه فى العراق ، بغداد ، 1975..

حبيب ،محمود محمد ، اقتصاديات العراق دراسة تحليلية ، البصرة ، 1969.

حميدي، جعفر عباس : التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق 1953 – 1958 ، بغداد 1980

خصباك ،شاكر : العراق الشمالي دراسة لنواحى الطبيعية والبشرية ، مطبعة شفيق ، بغداد، 1973

خياط ، كمال محمد سعيد : القطاع الزراعي في العراق ، مطبعة العاني ، بغداد، 1970.

رسول ، اسماعيل شكر : أربيل دراسة تأريخية في دورها الفكرى والسياسى 1939-1958، مطبعة بينايى ، السليمانية ، 2005.

__________ النظام النقدي والمصرفي في العراق ، مطبعة دار البصري ، بغداد،1969 .

سيباهى ،عزيز ، مواقف من المسألة الزراعة في العراق ،دار الرواد المزدهرة للطباعة والنشر ، بغداد، 2010

عبدالرحمن ،صباح : النشاط الاقتصادى ليهود العراق 1917-1952، بيت الحكمة ، بغداد، 2002

عقراوي ،متي ،العراق الحديث تحليل لأحوال العراق ومشاكله السياسية والاقتصادية والصحية والاجتماعية و التربوية ، ت، مجيد خدوري ، ،بغداد ،1936

قدو، بديع :طالب عبدالكريم السراج ، مكننة الزراعية فى العراق ، بغداد، 1971.

قفطان ،كاويس : الحركة القومية الكردية فى كردستان العراق 1958-1963، مطبعة وزارة الثقافة ، سليمانية ، 2004

معروف ،هوشيار: الاقتصاد العراق بين تبعية والاستقلال ،دار الحرية، بغداد، 1977.

والاس ليون : مذكرات في العراق 1918-1944، الكرد والعرب والبريطانيون ، ت : عماد جميل مزوري ، مراجعة وتقديم ، د.فيلد هاوس ،مطبعة سثيريز، دهوك،2001 .

**وتار و توێژینەوە :**

**- بەزمانی كوردی**

احمد ،جلال: كۆیە و ڕێگای ، هەولێر "ڕۆژنامە " ژ (115) ،15/نیسان/ 1953.

بێخاڵی ،مولود قادر : توتن ، كاروان " گۆڤار "، ژ(50)، ساڵی پێنجەم ، هەولێر ، 1986.

توفیق، مصطفی : پیشكەوتنی زراعەت و فەلاحەت ، هەولێر "ڕۆژنامە"، ژ ( 106)، 28/مایس/ 1953.

__________ : نەخۆشی گەنم ( كوورک)، هەولێر "ڕۆژنامە" ، ژ (108) ،17/ شوبات/ 1953.

__________ : نەخۆشی ژەنگ لە گەنم و جۆدا ، هەولێر "ڕۆژنامە" ، ژ (119) ، 12/مایسی /1953.

__________ : پیشكەوتنی زراعەت و فەلاحەت ، هەولێر "ڕۆژنامە"، ژ ( 120)، 28/مایس/1953 .

__________ :پیشكەوتنی زراعەت و فەلاحەت ، هەولێر "ڕۆژنامە" ژ (121) ، 2/حوزەیران / 1953.

دباغ ، جەلال : چاوگێڕانێک بە مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی حزبی شیوعیدا ، ڕۆژنامەڤانی " گۆڤار"، ژ(2) ، هەولێر، 2000.

دلێر ئیسماعیل شاوەیس : بارودۆخی ئابووری لە كوردستانی عێراق كۆتایی سالانی 1950سەرەتای سالانی 1960، سەنتەری برایەتی " گۆڤار" ژ(11) ،هەولێر،1999.

فتاح، شاكر : كۆچەرەكانمان تاكەی وا بمێننەوە ، هەتاو " گۆڤار" ژ( 110) هەولێر، 1957.

مەریوانی ،ت.ب. ، توتن ، هەتاو "گۆڤار" ، ژ (3) هەولێر،1957.

ناكام: اقتسادیاتی نیشتمان و كومەلی كوردان ، ڕووناكی "گۆڤار" ژ (2) هەولێر ،1935، .

______: اقتیادیات، ڕووناكی"گۆڤار" ، ژ (3) هەولێر ،1935.

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

المحامي ،محمد سعيد خفاف : من مشاكل الشمال ، نزار " مجلة " ع( 4) بغداد، 1948

______: من مشاكل الشمال ، مشروع انحصار التبغ واثره في ابناء الشمال ، نزار "مجلة"، ع (7) ،بغداد، 1948.

حيدرى ، درويش : تحسين التبغ في العراق ، نزار "مجلة"، ع ( 10) ،بغداد، 1948

**كۆڤارەكان :**

1- ڕووناكی"گۆڤار"

ژ(3) هەولێر ،1935.

ژ (8) هەولێر ، 1936

ژ( 9) ،هەولێر 1936

2- 21k "گۆڤار"، ژ (8)، هەولێر ، 2010

3- نزار " گۆڤار" ژ(19)، بەغدا، 1948

4-هەتاو " گۆڤار" ژ ( 22) ،هەولێر، .1955

5- یەكێتی تێكۆشین " گۆڤار" ژ (1)، بێ شوێن و بێ سالی چاپ

**ڕۆژنامەكان :**

1- ئازادی "ڕۆژنامە ژ (1) ی سالی (14) 1957

2-رزگاری " رۆژنامه" ، ژ(18،17) ، كانونی 2و شباگ، د،م، 1948.
3- ژیان "رۆژنامه"
ژ( 427) سلێمانی ، 1935
ژ( 479) سلێمانی ، 1936.
4-ژین " رۆژنامه "
ژ(401) ،سلێمانی ، 1940
ژ(460)، سلێمانی ، 1942 .
5- نركەی جوتیار " رۆژنامه"
ژ (5)،ب.ش، 1953.
ژ (6)،ب.ش ،1953
ژ (7و8)، 1953
6-هەولێر " رۆژنامه "
ژ ( 109) ، هەولێر، 1953.
ژ ( 133 )، هەولێر ، 1953

**ملخص**

ان الزراعة طوال العهد الملكى فى العراق لها مكانة رئيسة فى الحياة الاقتصادية لسكان أربيل ، لكن مع ذالك ان هذا المجال قد تعرصت لعدة المشاكلات ، لذالك يتناول هذا البحث عن المشكلات الزراعة فى لواء أربيل من خلال عدد المحاور ، كانت بعض من تلك المشكلات طبيعية مثل ، الجفاف أو القحط ،حملات جراد ، الامراض الزراعية ،كذالك بعض المشكلات الاخرى المتعلقة بسياسة الحكومة، مثل تحديد السعر ، سوء طرق النقل ، الضرائب ، وفى محور اخر من دراستنا نسلط الضوء على النظام الاقطاعى فى أربيل ومشكلة الاقطاعين مع الفلاحين كما فى الوقت نفسه تم التطرق الى المواقف الاحزاب السياسية من تلك المشكلة.

ان دراسة من هذا النوع يحتاج الى بيانات ومعلومات وافيه لذالك استفاد الباحث من عدة مصادر علمية متنوعة منها الاحصائيات الرسمية للوزرات المعنية و محاضر مجلس النواب العراقى ، ولا شك فى ان قيام بهذا العمل وكتابة بحث علمى لايخرج كاملة خالية من النقص والهفوات وتعتربها الصعوبات ولاسيما فيما يخص بجمع البيانات الاقتصادية وفى الختام عرضت خلاصة ابرز ما توصل اليه البحث من استنتاجات وفى النهاية ثبتنا قائمة المصادر .

**Agriculture throughout the reign of the monarch in Iraq**

**Abstract**

Agriculture throughout the reign of the monarch in Iraq has a prominent position and a leader in the economic life of the population of Erbil . However, this area has experienced several problems . This research deals with the problems of agriculture in the Erbil Brigade through a number of axes. Some of these were natural problems such as, locust , agricultural diseases. Some other problems are related to government policy such as price fixing, poor transportation, tax . In other areas of our study, we will highlight the feudal system in Erbil and the problem of feudalism with the peasants, while at the same time addressing the positions that the political parties.

The study of this type requires data and adequate data for this research reported by several scientific sources, including the official statistics of the specific ministries and the minutes of the Iraqi Council of Representatives .There is no doubt that this work and the writing of scientific research does not result in a combination free of shortages and gaps and difficulties, especially with regard to the collection of economic data. In conclusion, I presented a summary of the main findings of the research findings.